# الوقائع العراقية

# وەقایعی عیراقی


**الجريدة الرسمية لجمهورية العراق**

**ڕۆژنامەی فەرمی كۆماری عیراق**


- یاسای پاراستنی بەكارهێن ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٠
- یاسای هەمواری یەكەمی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٠٦
- یاسای خزمەت و خانەنشینی سەربازی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٠
- دامەزراندنی بەڕێز ڕۆژ نوری شاویس بە جێگری سەرۆك وەزیران


| | | |
|---|---|---|
| ملحق العدد ٤١٤٣ | ٢٣ صفر ١٤٣١هـ / ٨ شباط ٢٠١٠ م | السنة الواحدة والخمسون |
| پاشكۆی ژمارە ٤١٤٣ | ٢٣ سفەر ١٤٣١ ك / ٨ شوبات ٢٠١٠ ز | ساڵی پەنجاویەكەمین |

بەناوی گەل

ئەنجومەنی سەرۆكایەتی

## بڕیاری ژمارە (١)

لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی حوكمەكانی ماددەی (٦١/یەكەم) لە دەستور و پاڵپشت بە حوكمەكانی بڕگەی (ب) لە بەندی (پێنجەم)ی ماددەی (١٣٨) ی دەستور.

ئەنجومەنی سەرۆكایەتی لە دانیشتنی خۆی لە ڕێككەوتی ٤ / ١ / ٢٠١٠

ئەم یاسایەی خوارەوەی دەركرد:

# ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٠

# یاسای پاراستنی بەكارهێن

## (بەشی یەكەم)

## پێناسەكان و ئامانجەكان و بواری جێبەجێكردن

ماددەی –١– پێناسەكان :

ئەم دەستە واژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیێنن:

یەكەم– ئەنجومەن : ئەنجومەنی پاراستنی بەكارهێن .

دووەم – كاڵا : هەر بەرهەمێكی پیشەسازی یان كشتوكاڵی یان بگۆڕ یان نیمچە دروستكراو یان كەرەستەییێكی سەرەتایی یان هەر بەرهەمێكی دیكە كە دەتوانرێ بژمێردرێ یان هەڵسەنگێندرێ بە ژماردن یا بە قورسایی یان بە تەرازوو یان بە پێوانە و كارهێن ئامادەكرابێ .

سێیەم: خزمەتگوزاری : ئەو كارەیە یان چالاكیەیە كە هەر لایەنێك پێشكەشی دەكات بە كرێ بێت یان بە خۆڕایی بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتن.

چوارەم – پاراستنی کارهێن : پاراستنی مافەکانی بەکارهێن و ڕێ گرتن لە گەیشتنی زیان پێیان .

پێنجەم- بەکارهێن: ئەو کەسە سروشتیە یان واتایەیە کە کالاٌیەك یا خزمەتێك وەردەگرێ بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتن .

شەشەم- ئامادەکەر: هەر کەسێکی سروشتی یان واتایی بەرهەمهێنەر یان هاوردر یان هەناردر یا دابەشکەر یان فرۆشیاری کالاٌیەك یان پێشکەشکەری خزمەتێك هەرچی خۆی بێت یان گەیێنەر یان بریکار .

حەوتەم- ئاگاداریکەر: هەر کەسێکی سروشتی یان واتایی هەڵدەستێ بە ئاگاداریکردن بۆ کالاٌیەك یان خزمەتێك یان برەودانیان چ خۆی بیکا یان بەرێگەی کەسێکی دیکەوە و بەکارهێنانی هەر ئامرازێك لە ئامرازەکانی ئاگاداری کردن.

هەشتەم- لیژنەکانی پشکنین: ئەو لیژنانە کە ئەنجومەن دایان دەمەزرێنێ و ئەرکی بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگرنە خۆوە.

ماددەی -٢- ئامانجەکان

ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوەی کردۆتە ئامانج:

یەکەم- مسۆگەرکردنی مافە سەرەکیەکانی بەکارهێن و پاراستنی لەو کارسازیە نارەوایانەی کە زیانی پێ دەگەیێنێ .

دووەم – بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی بەکارهێنان .

سێیەم – قەدەغەکردنی هەر کارێکی پێچەوانەی بنەماکانی هاوردە یان بەرهەمهێنان یان بەبازارخستنی کالاٌ یان لە کەم کردنەوەی سوودەکانی یان فریودانی بە کارهێنەر .

ماددەی -٣- ئەم یاسایە پیادە دەکرێتە سەر هەموو کەسایەتیە سروشتی و واتایەکان کە هەڵدەستەن بە دروستکردن یان ئامادەکردن یان فرۆشتن یان کڕین یا بە بازارخستن یان هاوردەکردن یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یان ئاگاداری کردن لە سەریان.

## (بەشی دووەم)

## ئەنجومەنی پاراستنی بەکارهێن

ماددەی -٤- یەکەم : ئەنجومەنێك پێکدێت بەناوی (ئەنجومەنی پاراستنی بەکارهێن) کە کەسایەتێکی واتایی و سەربەخۆیی دارایی کارگێری هەیە ئەبەستریێتە ئەنجومەنی وەزیران .

دووەم- کەسێکی تەرخانکراوی خاوەن ئەزمون و لێهاتووە لە کاروباری پەیوەندیدار بە پاراستنی بەکارهێن سەرۆکایەتی ئەنجوومەن دەکات کە بەلای کەم هەلگری بەلگەنامەی زانکۆیی بەرایی هەبێت بە پلەی بریکاری وەزارەت .

ئەنجومەن لەمانەی خوارەوە پێکدێ :

أ – ئەندام بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە نوێنەرایەتی ئەم لایەنانە دەکەن :

١- وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان.

٢ – وەزارەتی بازرگانی.

٣ – وەزارەتی تەندروستی.

٤ – وەزارەتی کشتوکاڵ.

٥ – وەزارەتی پەیوەندییەکان.

ب – ئەندام بە پلەی پسپۆر کە نوێنەرایەتی ئەم لایەنانەی خوارەوە دەکەن:

١ – وەزارەتی ژینگە.

٢ – بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ.

٣ – دەستەی گشتی گەشتوگوزاری.

٤ – دەزگای گشتی بۆ پێوانەکردن و کۆترۆلکردنی جۆری.

ج – نوێەرێکی لەم لایەنانەی خوارەوە:

١ – یەکێتی پیشەسازییەکانی عیراق.

٢ – یەکێتی ژوورە بازرگانیەکانی عیراق.

٣ – یەکێك لە کۆمەڵە کشتوکاڵیەکان.

د – سێ ئەندام کە نوێنەرایەتی کەرتی تایبەت بکەن.

سێیەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پاداشتی دارایی دەدات بە هەر یەك لە نوێنەرانی ئەو لایەنانەی دەکات کە لە هەردوو بڕگەی(جـ،د)ی سەرەوە هاتوون.

چوارەم : سەرۆك وەزیران بە پێشنیارێك لە سەرۆکی ئەنجومەنەوە ئەو کەسانە دیاری دەکات کە نوێنەرایەتی ئەو لایەنە نابراوانە دەکەن کە لە هەردوو بڕگەی (جـ ، د) ناوبراون و مافیشی هەیە نوێنەرێکی کۆمەڵەکانی پاراستنی بەکارهێنانە زیاد بکات.

ماددەی –٥– أ– ئەنجومەن ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئەنجام دەدات :

یەکەم : دارشتنی سیاسەت و بەرنامەکانی کار کە پاراستنی بەکارهێنان و مافەکانی مسۆگەر بکات و رێکیان بخات.

دووەم – بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بەکارهێنان.

سێیەم : پێشوازی کردن لە سکاڵاکان و لێکۆڵینەوەیان و بڕیاردان و ڕاسپاردەی گونجاو سەبارەت بەو سکاڵایانە.

چوارەم : ئاراستەکردنی و شیارکردنەوە بۆ سەرپێچیکەر بە لابردنی بەرزکردنی داوا سەرپێچیکردنەکە لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە بەرواری ئاگادارکردنەوەکە یان بەتەواوبوونی ماوەکە و لانەبردنی پێشێلکاریەکە ، ئەنجومەنەش پشت بە ڕاپۆرتەکانی لیژنەکانی پشکنین دەبەستێت لە ئاڕاستەکردنی وشارییەکە.

پێنجەم : لێکدانەوەی پرۆژە یاساییەکانی پەیوەست بە بەکارهێنان و کارهێن و پێشکەشکردنی تێبینی و ئەنجام دانی توێژینەوە و دروستکردنی بناغەی زانیاریی تایبەت بە پاراستنی بەکارهێن .

شەشەم : ناساندنی ئەرك و تایبەتمەندیەکان و ئامانجەکانی کۆمەڵەکانی پاراستنی کارهێن و بەکارهێنانی لە پرۆسەکانی هۆشیارکردن بە مافەکانی بەکارهێن.

حەوتەم : ئەنجومەن بۆی هەیە داوای هاوکاری کەسانی پسپۆر و لێهاتوو لە فەرمانبەرانی دەوڵەت یا کەسانی دیکە چ سروشتی بن یان واتایی بکات بەکاربێنێت بەرامبەر کرێك یان پاداشتێك کە ئەنجومەن دیاریی دەکات.

هەشتەم : ئەنجومەن بۆی هەیە چەند لیژنەیێکی پشکنینی سەربەخۆ پێکبێنێت کە بارەگاکەی لە بەغدا بێت و لقیشی لە پارێزگاکانی عیراق هەبێت. ئەو لیژنانە لە چەند ئەندامێك پێکدێن بەپێی پسپۆریە پەیوەندیدارەکان بە کاروباری پاراستنی بەکارهێن .

نۆیەم : بودجەیەکی تایبەت بە ئەنجومەنەکە لە بودجەی گشتی دەوڵـەت تـەرخان دەکرێت.

ب – لیژنەکانی پشکنین ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ دەکەن:

١ – ئاگاداربوون لـە ئاکارەکـانی کاڵاکـان و چـاودێری کردنـی ئاسـتی گونجـانی مەرجەکانی عەمبارکردن و شوێنەکانی پیشاندان، لە کاتی دەوامی فەرمی یان دوای دەوامیش و دەبێ ئامادەکەر و ئاگاداری کەر لەم بوارەدا هاوکاری تەواو بکەن.

٢– ئاگادار کردنەوەی لایەنە پسپۆرەکان بە کالا تێکچووکان و پایەندنـەبووکان بـە مەرجەکانی سەلامەتی تەندروستی و بـەدوادا چـوونەوەی کارگێریـەکان بـە هەماهەنگی لە تەك وەزارەتە پسپۆرەکان .

٣ – پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە پێشێلکارییەکان بۆ ئەنجومەنەکە.

## (بەشی سێیەم)

## مافەکانی بەکارهێن

ماددەی –٦– یەکەم : بەکارهێن مافی ئەوەی هەیە ئەمانەی خوارەوەی دەست کەوێ :

أ – گـشت زانیـارییێکی تایبـەت بـە پاراسـتنی مافـەکانی و بەرژەوەندیـە ڕەواکانی.

ب – زانیاریی تەواو لـە سـەر ئاکارەکـانی کاڵاکـان و ناسـینی ڕێـو شـوێنە لەبارەکان بۆ بەکارهێنانیان یان چۆنیەتی وەرگرتنی خزمەتگوزاریەکە بەشێوە و زمانی فەرمی بەکارهێن .

جـ – ئەوەی کڕینی هەر کاڵایەك یان وەرگرتنی هەر خزمـەتێك کـە نـرخ و مێژوو و ئاکارەکانی کاڵاکە و ژمارەکەی و چەندی و جۆری و نرخی تێیدا دیاری بکرێت .

د – گەرەنتی کردنی ئەو کالاٚیانە کە بەپێی سروشتیان پێویستی ئەو جۆرە گەرەنتیەیانەن و بۆ ئەو ماوەیەی کە لە سەری رێککەوتوون لە ئامادەکەر، بێ ئەوەی خەرجی زیاتر بخرێتە سەری.

دووەم – بەکارهێن و هەر خاوەن بەرژەوەندیەك مافی ئەوەی هەیە ،ئەگەر ئەو زانیاریانەی کە لەم ماددەیە هاتوون دەستی نەکەوێت ، کالاٚکە بە گشتی یان بەشێی بۆ ئامادەکەر بگەرێنێتەوە و داوای قەرەبوو بکات لە بەردەم دادگا شارستانیەکان لە سەر ئەو زیانەی کە تووشی بووە لەو ماوەیە.

سێیەم – دەستکەوتنی خزمەتگوزاریی پاش فرۆشتن بە پێی ئەو رێککەوتنە دەبێت کە لە گەڵ ئامادەکەی مۆرکراوە .

چوارەم – ئازادی هەڵبژاردنی کالاٚ یان خزمەتگوازری پیشان دراو بە بەرامبەر نرخەکەی دەبێت بێ ئەوەی ئامادەکەر دەستکاری بکات .

## (بەشی چوارەم)

## ئەرکەکانی ئامادەکار و ئاگاداری کەر

ماددەی –٧– ئامادەکار و ئاگاداری کەر دەبێ پابەندی ئەمانەی خوارەوە بن:

یەکەم : دڵنیابوون لە سەتماندنی زانین و ئاکارەکانی پێکهاتە تەواوەکانی بەرهەمەکە، بە تایبەتی دەسپێك و کۆتایی بە کەڵك هاتنی و ولاتێ دروستکەر بەر لە خستنی بە بازاڕەوە یان بەر لە جێبەجێکردنی کاری فرۆشتن یان کڕین یان ئاگاداری کردن لە سەری.

دووەم : پابەند بوون بە ئاکارەکانی پێوانەیی عیراقی یان نێودەوڵەتی بۆ دیاری کردنی چاکی کالاٚی هاوردە یا دروستکراوی خۆماڵی و دەزگای ناوەندی بۆ پێوانەکردن و کۆنترۆڵکردنی جۆری خۆی سەرچاوەیە بۆ ئەم مەبەستە و بۆیشی هەیە لە لایەنە پەیوەندیدارەکان داوای هاوکاری بکات.

سێیەم : دانانی ناو و ناونیشانێکی بازرگانی و تۆمارکردنیان لە تێنوسی بنەمایی لای لایەنە پسپۆرەکان و گرتنی تێنوسی متمانەپێکراو بۆ چالاکیەکانی.

چوارەم راگرتنی پولەی نرخی فرۆشتن و کڕین یان کۆپی کردنیان و پیشاندانیان یـان پێشکەشکردنیان بۆ لایەنە فەرمیە پسپۆرەکان لە کاتی داواکردنیان یان رێدان بەو لایەنانە کە سەیریان بکەن لە شوێنەکەی بەبێ هیچ بەرهەڵستکارییەك.

پێنجەم : بانگەشە نەکردن بە هیچ ئامرازێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بلاّوکردنەوە وپرۆپاگەندەکردن بۆ ئەو کالاّیانە کە ئاکارەکانی پێوانـەیی نـاوخۆیی و یـان نێودەوڵەتی متمانەپیکراوی پێوە نییە.

شەشەم : دەبێ لە سەر هەموو نوسراوە و چاپکراوە و راگەیاندنەکانی ناوی بازرگانی و ناونیـشانی یـان هـەر نیـشانەێکی پـشتگیری کـراوی یاسـای گـەر هـەبوو بنوسرێت.

حەوتەم : ئامادە بوونی خۆی یان نوێنەرە یاسایەکەی لە بەردەم لایەنـە پـسپۆرەکان یان خاوەن پەیوەندی بە کارەکەی لە ماوەی (٧) حەوت رۆژ لـە رێککـەوتی ئاگـادار بونیــەوە ، بـۆ وەلاّمدانــەوە لــە ســەر هــەر سەرپێـچی کردنێکـی حوکمەکانی ئەم یاسایە یان پێشکەشکردنی هەر زانیارییەك دەربـارەی کـالاّ یان خزمەتگوزاریە کە ئامادەی دەکات یان ئاگاداری کردن لەسەری.

هەشتەم : رێدان بە لایەنە فەرمیەکانی پەیوەندیدار دەکات نوربن و پشکنینی شوێنی کارەگەی بۆ وەرگرتنی چەند نموونەیەك لە عەمبارکراو و پیشاندراوەکانی بە مەبەستی تاقیکردنەوە لە سەریان لە لای لایەنە متمانەپیکراوە فەرمیەکان بۆ بڕیاردان لە سەر بەکەڵکهاتنیان بۆ بەکارهێنانی مرۆیی.

ماددەی -٨- لەگەڵ پێشێلنەکردنی حوکمی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی -٦- لەم یاسیایە، ئامادەکەر بە تەواوەتی بەرپرسە بەرانبەر بە مافەکانی کارهێنانەکان دەربارەی شتومەکەکەی یان کالاّکەی یان خزمەتگوزاریەکانی و ئەم بەرپرسیەش بەردەوام دەبێت بەدرێژایی ماوەی ئەو گەرەنتیە کە لە برِگە (چ) لە بەندی(یەکەم) لە ماددەی -٦- لەم یاسایە هاتووە .

## (بەشی پێنجەم)
## قەدەغەکراوەکان

ماددەی -٩- ئەمانەی خوارەوە قەدەغە دەکرێت لە ئامادەکەر و ئاگاداری کەر :

یەکەم : کاری فیلّکردن و چەواشەکردن و ساختەکاری و شاردنەوەی راستیی پێکهاتەکانی ئاکارە پشتگیرکراوەکان لە هەموو کالاّ و خزمەتگوزاریەکان.

دووەم : بەکارهێنانی هێز یان رێ نەدان بە لیژنەکانی پشکنین و نوێنەرەکانی لایەنە فەرمیەکانی پەیوەندیدار و قەدەغەکردنیان لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێرراوە یان تەگەرە و لەمپەرخستن بەهەر شێوەیەك بێت.

سێیەم : بەرهەمهێنان یان فرۆشتن یان پیشاندان یان ئاگاداری کردن بۆ:

أ – کالاّیەك یان خزمەتێك بە پێچەوانەی پەیرەوە و رەفتاری گشتی.

ب – هەر کالاّیەك لەسەر بەرگەکەی یان قوتووەکەی تەواوی پێکهاتەکانی ، یان وشیاریکردنەکانی (ئەگەر هەبێت) و ماوەی سەرەتا و کۆتایی بەکەلّکهاتنی بەشێوەیەکی ڕوون نەنووسرابێت.

چوارەم : شاردنەوە یا گۆڕین یان لابردنی ماوەی بەکەلّکهاتن.

پێنجەم : دووبارە بەرگ کردنی بەرهەمە کەلکبراوەکان یان ماوە تەواوبووەکان، بە قوتوو و بەرگێك ماوەی بەکەلّکهاتنی پێچەوانەی دروست پێوە نان چەواشەکردنی بەکارهێنان .

## (بەشی شەشەم)
## سزاکان

ماددەی -١٠- یەکەم :سەپاندنی سزای بەندکردن بۆ ماوەیەك لە (٣)سێ مانگ کەمتر نەبێت یان بژاردنی بریك لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان هەردووکیان لە سەر هەر سەرپێچکەری حوکمەکانی ماددەی (٩) لەم یاسایە .

دووەم : سەپاندنی سزای بەندكردن بۆ ماوەیەك لە (٣)سێ مانگ كەمتر نەبێت یان بژاردنی بریك لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان هەردووكیان لە سەر هەر سەرپێچكەری حوكمەكانی ماددەی (٩) لەم یاسایە هەردوو ماددەی (٨،٧) ئەم یاسایە بكات .

سێیەم : هەواڵگەیانەری سەر هەر تاوانێك ئەم یاسایە سزا لەسەر ئەدات،پاداشتێكی دارایی پێی ئەبەخشرێت كەمتر لە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار نەبێت و لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، ئەو لایەنە دەیدات كە هەواڵەكەی پێی گەیەندراوە ئەگەر ئەو هەواڵگەیاندنە ببێتە مایەی تاوانباركردنی بكەرەكە و بڕیارەكە بنبربوو.

## (بەشی حەوتەم)

## حوكمە گشتیەكان

ماددەی -١١- ئەو كاڵاو خزمەتگوزاریانەی كە ئامادەكەر یان بەبازاڕگەیەنەر یان ئاگاداری كەر دەكەوێتە ژێر پێوانەكانی چاكی و میكانیزمی پیشاندان و داواكردن دەربارەی بە نرخ و بەرهەمهێنان .

ماددەی -١٢- حوكمەكانی یاسای رێژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ (هەمواركراو) و یاسای خانەنشینی یەكگرتووی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ (هەمواركراو) و یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ (هەمواركراو) پیادە دەكرێ بە سەر فەرمانبەرەكانی ئەنجومەن .

ماددەی -١٣- سەرۆكی ئەنجومەن شێوە پەیكەرێكی گونجاو دادەنێت بۆ جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە و لە لایەن سەرۆك وەزیرانەوە پەسەند دەكرێت .

ماددەی- ١٤- ڕەوتی كاركردن لە ئەنجومەن بە پەیڕەوییێكی ناوخۆ دیاری دەكرێت كە ئەنجومەن دەری دەكات .

ماددەی –١٥– حوکمەکانی یاسای دەزگای ناوەندی بۆ پێوانەکردن و کۆنترۆڵکردنی جۆری ژمارە (٥٤)ی ساڵی ١٩٧٩ یان هەر یاسایەك شوێنی دەگرێت ، جێبەجێ دەکرێت ، لە هەر شوێنێك لەم یاسایە دەقی پێ نە هاتووە .

ماددەی –١٦– بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی (هەڵوەشێنراو) ژمارە (٢٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٢ لائەبرێت و بە هیچ دەقێك کارناکرێت کە بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

ماددەی –١٧– سەرۆك وەزیران بۆی هەیە ڕێنمایی دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێبجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە .

ماددەی –١٨– ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێ لە ڕێککەوتی بلاْوکرنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی .

| | | |
|---|---|---|
| تارق ئەلهاشمی | عادل عەبدولەهدی | جەلال تاڵەبانی |
| جێگری سەرکۆمار | جێگری سەرکۆمار | سەرۆك کۆمار |

## هۆیەکانی پێویست

بە مەبەستی پاراستنی بەکارهێن و بەرقەرار کردنی بنەمای دادوەری و یەکسانی نێوان ئامادەکاران و کارهێنەررانی کالاْکان و وەرگری خزمەتگوزاریەکان و پاراستنی تەندروستی و لەشساغییان و نەهێشتنی فیلْکردنی پیشەسازی و یاری کردن بە کارسازی پڕکردن و بەرگ کردنی پیشەسازی و ئەوەی لەسەریان نووسراوە لە زانیاری و ئاکارەکانی، ئەم یاسایە دەرچوو .

بەناوی گەل

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی

## بڕیاری ژمارە (٢)

لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٦١) و حوکمەکانی برگەی (أ) لە بەندی (پێنجەم) لە ماددەی (١٣٨) لە دەستور .
ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە دانشتنی خۆی لە ڕێککەوتی ٢٠١٠/١/٤
بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەدا :

## ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٠
## یاسای هەمواری یەکەم بۆ یاسای
## وەبەرهێنان ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٠٦

ماددەی-١- دەقی هەردوو بەندی (یەکەم) و (دووەم) لە ماددەی (٥) لە یاسا لائەبرێت و ئەمانەی خوارەوە ئەچنە شوێنیان :

یەکەم: لە هەر هەرێمێك لە هەرێمەکان و پارێزگایەك لەو پارێزگانەی نەبەستراون بە هەرێم دەستەی وەبەرهێنان دادەمەزرێت بە کسایەتێکی واتایی و سەرۆکەکەی یان نوێنەری نوێنەرایەتی دەکات ، وداروبەخش دەکرێت لە بودجەی هەرێم یان پارێزگا و دەسەڵاتی مۆڵەت دانی وەبەرهێنان و پلان دانانی وەبەرهێنانی ، و هاندانی وەبەرهێنانی دەبێت ، و بۆی هەیە لق بکاتەوە لە و ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتییدایە بە هەماهەنگی لە تەك دەستەی نیشتمانی بۆ وەبەرهێنان بۆ دابین کردنی جێبەجێکردن چاکی یاساکە .

دووەم:

أ- فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەستە دەكات خاوەن ئەزمون و پسپۆر بێت و دادەمەزرێت بە پلەی بەرێوەبەری گشتی بۆ ماوەی (٥) ساڵ بە پێشنیارێك لە پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم و بەرزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وئەبێتە سەرۆكی ئەنجومەنی كارگێری دەستەكە .

ب- سەرۆكی دەستە جێگرێكی دەبێت لە پلەی یاریدەری بەرێوەبەری گشتی بۆ (٥) پێنج ساڵ دادەمەزرێت لەلایەن هەرێم یان پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم ، و ئەبێتە جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی كارگێری .

جـ- دەستە ئەنجومەنی كارگێری دەبێت و پێكدێت لە (٧) حەوت ئەندام بە سەرۆكی دەستە و جێگرەكەی .

د- هەرێم و پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم دوو لە فەرمانبەرانی هەرێم یان پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم لە كارمەندانی فەرمانگای پەیوەندیدار دادەمەزرێنیت ، پلەی فەرمانبەرییەكانیان لە بەرێوەبەر كەمتر نەبێت ، وەك ئەندامی ناتەرخانكراو لە ئەنجومەنی كارگێری بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ .

هـ- هەرێم و پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم لەسەر پێشنیاری سەرۆكی دەستە سێ كەس دادەمەزرێنیت لە كەرتی تایبەت و خاوەن ئەزمون و پسپۆر و هەڵگرانی بروانامەی زانكۆیی بە رایی بە لایەنی كەم ، حوكم نەدرابن بە تاوانێك یان كەتنێكی ئابروبەر یان پەرپوتییان رانەگەیاندرا بێت ، وەك ئەندام لە ئەنجومەنی كارگێری بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ ، و پاداشتیان دیاری دەكرێت بەپێی پەیرەوی ناوخۆی دەستە .

و- مەرجە لە دامەزراندنی سەرۆكی ئەنجومەنی كارگێری هەرێم یان پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم و جێگرەكەی و ئەندامەكانی هەماهەنگی بكرێت لە تەك دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا یان جێگرەكان یان یاریدەرانی پارێزگار نەبن .

ز- پارێزگار یان جێگرەكەی یان یاریدەرانی یان سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا مافی وەرگرتنی پۆستی سەرۆك یان جێگری یان ئەندامەیەتی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێم یان پارێزگای نەبەستراو بە هەرێمیان نیە .

حـ- دامەزراندن و لە كارلادانی سەرۆك و ئەندامانی دەستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم بە هەماهەنگی لە تەك دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان دەبێت .

ماددەی-٢- دەقی ماددەی (١٠) لە یاسا لائەبرێت و ئەمەی خوارەوە ئەچێتە شوێنی :

یەكەم: وەبەرهێنەری عیراقی یان بیانی مافی پیادەكردنی هەموو ناز باری و ئاسانكاری و دڵنیایی دەبێت و پابەندی پابەندییەكانی دەقەكانی ئەم یاسایە دەبن .

دووەم:

أ- وەبەرهێنەری عیراقی یان بیانی مافی ملْكداریەتی زەوی و خانووبەرەی دەوڵەتیان هەیە بە بەرامبەرێك بناغەی هەژماردنی دیاری دەكرێت بەپێی پەیرەوێكی تایبەت و مافی ملْكداریەتی زەوی و خانووبەرەی سەر بە كەرتەكانی تێكەڵ و تایبەتیشیان هەیە بە مەبەستی دامەزراندنی پرۆژەی نشتەجێ بوون بە چڕی .

ب- ئاماژەی نادەسكاری ئەخرێتە سەر پاڵپشتی ملْكداری تاكو وەبەرهێنەری بیانی پابەند بونەكانی جێبەجێ دەكات بە پشتگیری دەستەی وەبەرهێنانی مۆڵەت دەر .

جـ- وەبەرهێنەری عیراقی یان بیانی پابەند دەبێت بەو مەبەستەی كە لە پێناوییدا ملْكداریەتی زەویەكە یان خانووبەرەكەی پێدراوە ، و ناكری پارەپێدانیان پێ بكات .

د- گەر بێتو وەبەرهێنەری عیراقی یان بیانی كە ملْكداری زەویەكەیە یان خانووبەرەكەیە بەپێی ئەم یاسایە شكستی هێنا لە جێبەجێ كردنی پابەندبونەكانی لە ماوەی دیاریكراو لە رێككەوت بەستەكەی لە تەك دەستەی وەبەرهێنانی دادەری مۆڵەت ئەوە فەرمانگای تۆماركردنی خانووبەرە و لەسەر داوای دەستەی ئاماژە پێكراو ، تۆمارەكە لائەدات و زەویەكە یان خانووبەركە ئەگەرێنێتەوە بۆ خاوەنی پێشووی بەرامبەر گەرانەوەی نرخی فرۆشراوەكەی .

هـ- وەبەرهێنەری عیراقی یان بیانی پابەند دەبێت بە دروستكردنی یەكە نشتەجێییەكان لە ماوەی دیاریكراو لە رێككەوتنەكە یان بە كرێدانیان بە هاوولاتیەكان بەپێی ئەو رێنماییانەی بۆ ئەم مەبەستە دەردەچن . و

وەبەرهێنەری عیراقی یـان بیـانی بـۆی هەیـە رەفتـار بکـات بـە پاشمـاوەی بەشەکانی پرۆژەی نشتەجێبون بە دریژی مـاوەی مولـەت بـەپێی مـەرجانی رێککەوتە بەستراوەکە .

سێیەم:

أ- وەبەرهێنەری عیراقی یان بیانی مـافی بـە کریگرتنـی زەوی و خانووبـەرە لـە دەوڵەت یان لە هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵ بە مەبەستی دانـانی پـرۆژە وەبەرهێنانەکان لە سەریان بۆ ماوەیەك پتر نـەبێت لـە (٥٠) پـەنجا سـاڵ و شـیاوی درێـژ کردنـە بـە رچـاوکردنی سروشـتی پرۆژەکـە و سـوودمەندە ئابوریەکەی .

ب- دەسـتەی وەبـەرهێنانی مۆلـەت دار بـۆی هەیـە رێککـەویت لـە تـەك وەبەرهێنەری عیراق یان بییانی لە سەر گرانەوەی پرۆژکە بـۆ دەولـەت یـان هەرێم یان پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم لە کۆتایی ماوەی مۆلەتەکـە و بـەو مەرجانەی لە رێککەوت بەستەکە هاتووە .

جـ- وەبەرهێنەری عیراق یان بیانی بۆی هەیە مڵکداری پرۆژە وەبەرهێنەرەکە بە گشتی یان بەشیی لە ماوەی موڵەتەکە بگوازێتەوە ناوی وەبەرهێنەرکی عیراقی یان بیانێکی دیکە بە مەرجێك وەبەرهێنەرە نۆیەکە بەردەوام بێت لە کارکردن لە پرۆژەکە و لە هەمان پسپۆری یـان لـە پـسپۆرێکی دیکـە دوای وەرگرتنـی رەزامەنـدی دەسـتەی مولـەت دا بێـت ، وەبەرهێنـەری نـوێ جیگـای وەبەرهێنەری رابردوو دەگرێت لەو ماف و پابەند بوانەی بەسەری سپێندراوە بەپێی ئەم یاسایە و حوکمـەکانی رێککەوتبەسـتراوکەی تـەك وەبەرهێنـەری ئاماژە پێکراو وە لە حاڵەتی گواستنەوەی وەبەرهێنەری عیراقی یان بیانی بۆ مڵکـداری پرۆژەکـە لـە مـاوەی بـە دەسـهێنانی نـاز بـاری و ئاسـانکاری و دڵنیایـەکانی پێـدراو ئـەوە وەبەرهێنـەری نـوێ بـەردەوام دەبێـت لـە بەدەسهێنانیان تاکو کۆتایی ئەو ماوەیە .

د- دەستەی پێدەری موڵـەت بـۆی هەیـە رێکبەکـەوێت لـە تـەك وەبەرهێنـەری عیراقی یان بیانی لـە سـەر مانـەوەی پـرۆژەی وەبەرهێنانەکـە لـە مڵکـداری وەبەرهێنەرەکە بەزەوی و دروستکراوەکان یان تەنها دروستکراوەکان بـەپێی پرۆژەکە نشتەجێیە یان نا دوا بە دوای یەك دوای کۆتایی ماوەی موڵەت بێ

ئەوەی مافی وەرگرتنی ئەو ناز باری و ئاسانکاری و دڵنیایەنەی لەم یاسایە هەبێت .

چوارەم:

أ- ڕێککاریەکانی تایبەت بە کرێی دانی خانووبەرەی دەوڵەت بە دەرن بۆ وەبەرهێنەری عیراقی یان بیانی بۆ مەبەستەکانی دانانی پرۆژە وەبەرهێناوەکان بەپێی ئەم یاسایە لە حوکمەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکو مالی دەوڵەت ژمارە(٣٢) ساڵی ١٩٨٦ یان هەر یاسایێکی دیکە جێگای دەگرێت و بناغەی ژمارەی بڕی کرێ دیاری دەکرێت بەپێی پەیرەوێك بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت .

ب-ٍ ڕێککاریەکانی تایبەت بە فرۆشتنی خانووبەرەی دەوڵەت بە دەرن بۆ وەبەرهێنەری عیراقی یان بیانی بۆ مەبەستەکانی دانانی پرۆژەی نشتەجێکردن بەپێی ئەم ماددەی لە حوکمەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مۆلکو مالی دەوڵەت ژمارە(٣٢) ساڵی ١٩٨٦ یان هەر یاسایێکی دیکە جێگای دەگرێت .

ماددەی-٣- دەقی برگەی (أ) لە بەندی (دووەم) لە ماددەی (١١)ی لەم یاسایە لائەبرێت و ئەمەی خوارەوە ئەچێتە شوێنی:

أ- دەستاودەست کردن لە بازاری عیراق بۆ پەراوە دارایەکان بە پشك و پاڵپشتانەی تێیدا ئەکرێ و وەرگرتنی ئەندامیەتی لە کۆمپانیا هاوبەشیە تایبەت و تێکەڵەکان ، و بونی خانووبەرەکان لە هەبووەکانی کۆمپانیا ئاماژە پێکراوەکان ڕێگر نابێت .

ماددەی-٤- بەندی (چوارەم) لە ماددەی (٢٠) لە یاسا لائەبرێت و ئەمەی خوارەوە ئەچێتە شوێنی:

چوارەم:

أ- لە کاتی ڕەتکردنەوەی داوای دامەزراندن خاوەنەکەی بۆی هەیە داوای دووبارە سەیرکردنی بکات لە سەرۆکی دەستەی هەرێم یان پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم لە هەرێم لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێککەوتی ئاگادار بوون بە بڕیاری ڕەتکرنەوەکە و سەرۆکی دەستەی پەیوەندیدار داواکە یەکلا دەکات لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ لە ڕێککەوتی تۆمارکردنی لە نوسینگاکەی .

ب- خاوەنی داوا نارەزایی دەردەبڕێت لای دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە ڕێککەوتی دەرچوونی بڕیاری رەتکردن و دەبێ دەستە نارەزایەکە یەکلابکات لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە ڕێککەوتی تۆمارکردنی لە نوسینگەی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانی بۆ وەبەرهێنان .

جـ- گەر دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان داوای دامەزراندنی پێشکەش کراوی رتکرد خاوەنەکەی بۆی هەیە داوای دووبارە سەیرکردنی داواکە بکات لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە ڕێککەوتی ئاگادار بوونی بە بڕیاری رەتکردن ، و دەبێ دەستە داواکە یەکلابکات لە ماوەی (٧) حەوت رۆژ لە ڕێککەوتی تۆمارکردنی لە نوسینگەی سەرۆکی دەستە ، و بڕیارەکەی شایەنی نارەزاییە لای ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە ڕێککەوتی ئاگادار بوون .

ماددەی-٥- ماددەیەکی نوێ ئەچێتە سەر بەشی حەوتەم (حوکمە گشتیەکان) لە یاسای بنەرەت و زنجیرەی (٣٠) وەردەگرێت و زنجیرەی ماددەکانی دوای راست ئەکری بەم شێوەیەی خوارەوە :

وەزارەتەکانی دارایی و شارەوانیەکان و کاروبارە گشتیەکان و ئەمینداریەتی بەغدا و شارەوانی پارێزگاکان و دەستەکان و فەرمانگا نەبەستراو بە وەزارەت پابەند دەبن بە دابین کردنی زەوی و خانووبەرەی شیاو بۆ دانانی پرۆژە وەبەرهێنەرەکان و ئاگادار کردنەوەی دەستەی نیشتمانی بە ژمارەکانیان و رووبەریان و گەراوەیان و رەگەزیان و کار پێکردنیان و دەستەی نیشتمانی دیاریان دەکات بۆ بەرهەمهێنەرە عیراقی و بیانیەکان بەپێی پەیرەوێك دەستەی نیشتمانی پێشنیاری دەکات و ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر دەکات .

ماددەی–٦– برگەیەکی نویٚ دەچیٚتە سەر ماددەی (٣٢) بۆ ئەوەی ماددەکە بە دوو برگەی (أ) و (ب) بێت و بەم شێوەیەی خوارەوە ئەخوێنرێت :

أ– حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت لەسەر پرۆژەکانی کەرتی تێکەڵ و کەرتی تایبەتی وەستراو و کارکرد و بە داوایەك لە بەریوەبەرایەتیەکەی و رەزامەندی دەستە بیٚ کاریگەری پێشخۆیی .

ب– پرۆژەکانی کەرتی گشتی کە گرێبەستکراوە بۆ شیاندن و کارپێکردنی لە تەك کەرتی تایبەت و تێکەڵ هەموو دەسکەوتنە چاکەکان و ئاسانکاری و دڵنیایەکانی هاتوو لە یاسا ئەگرێتەخۆ و پیادە دەکرێت بەسەر ئەو پرۆژانەی کە کرێبەستیان لە سەر کراوە پێش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بە مەرجێك بەخشێن لە میرانە یان باجی مافگرتوی پێش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بەسەردا نەیێت .

| | | |
|---|---|---|
| تارق ئەلهاشمی | عادل عەبدولەهدی | جەلال تاڵەبانی |
| جێگری سەرکۆمار | جێگری سەرکۆمار | سەرۆك كۆمار |

## هۆیەکانی پێویست

بۆ ئاسانکردن و رێکخستنی کار لە دەستەی نیشتمانی بۆ وەبەرهێنان و خولقاندنی کەشێکی هاندەر بۆ وەبەرهێنان ، بەتایبەت لە کەرتی نشتەجێبوون و لادانی بەربەستە یاساکانی رێگاگر بەشێوەێك پێشینازێك ببەخشێتە سەر پەلەکردنی پەرەپیدانی ئابوری و دووبارە ئاوەدانکردنی عیراق ، ئەم یاسایە دەرچوو .

بەناوی گەل

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی

لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٦١) و لەبەر بەسەر چوونی ماوەی یاسای کە لە بڕگەی (ب) لە بەندی (پێنجەم) لە ماددەی (١٣٨) دەستوور هاتووە .

ئەم یاسایە دەرچوو:

## ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠
## یاسای خزمەت و خانەنشینی سەربازی
## دەروازەی یەکەم
## ((جێبەجێکردن و ئامانجەکان))

ماددەی -١- حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێ بەسەر ئەم سەربازانە :

یەکەم : ئەفسەر لە پلەی مولازم و بەرەو سەرەوە .

دووەم : خوێندکارانی کۆلیژە سەربازیەکان و پەیمانگا و قوتابخانەکانی سوپا.

سێیەم : پێشنوێژەکان لە سوپا .

چوارەم : خۆبەخشکەرەکان لە سەربازەوە بەرەو سەرەوە .

پێنجەم : مەبەست لە سەرباز بەپێی ئەم یاسایە هەر کەسێکە سەر بە هێزە چەکدارە عیراقیەکانە و خزمەتی سەربازی کردوەتە پیشەی خۆی ، ئەفسەر بێت یان خۆبەخشکەر یان خوێندکار لە یەکێك لەکۆلیژ یان قوتابخانە سەربازییەکان یان مەڵبەندەکانی مەشقکردنی پیشەیی لە سوپا یان لە دەزگایەکی سەربازی.

ماددەی -٢- ئامانجی ئەم یاسایە ڕێکخستنی:

یەکەم : خزمەتی ئەفسەرەکان و خۆبەخشکەرەکان و پێشنوێژەکان و پلەبەرزبوونیان لە سوپا .

دووەم : خانەنشینکردن یان دەستلەکارکێشانەوە .

سێیەم : مافەکانی خانەنشینی و دەرماڵە و بێبەش کردن لێیان .

چوارەم : ڕێزلێنانی حاڵەتەکانی قوربانیدان و پێکان و شەهیدبوون لە کاتی ئەنجامدانی ئەرك یان بە هۆیەوە .

دەروازەی دووەم

((خزمەتی ئەفسەرەکان))

بەشی یەکەم

دامەزراندن

ماددەی -٣- یەکەم : پلەی مولازم دەبەخشرێت و پلەی ئەفسەرەکە بەرزتر دەکرێتەوە و دەستلەکارکیشانەکەی قبووڵ دەکرێت و خانەنشین دەکرێت و بۆ خزمەت دەگەڕێندرێتەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە پێشنیارێك لە وەزیری بەرگری و بە ڕەزامەندی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان یان هەر کەسێك نوێنەرایەتی دەکات .

دووەم : سەرۆکی ئەرکانی سوپا و یاریدەدەرەکانی و ئەوانەی لە پۆستی فەرماندەی تیپ بەرەو سەرەوە بە پێشنیاری وەزیر و ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران و ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران و راستکردنەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دادەمەزرێن .

ماددەی-٤- یەکەم : ئەو کەسەی پلەی مولازم لە سوپا پێی دەبەخشرێت دەبێ ئەم مەرجانەی هەبێت:

أ- عیراقی بێت لە باوك و دایکێکی عیراقی .

ب - تەمەنی (٢٠) بیستساڵی تەواوکرد بێت و لە (٢٦) بیست و شەش ساڵیش زیاتر نەبێت و لە (٢٨) بیست و هەشت ساڵ زیاتر نەبێت بۆ کارمەندانی سوپا و وەزارەتی بەرگری .

جـ – ڕەوشت و ناوبانگ و رەفتاری چاك بێت و حوکم نـەکرابێت بـە تاوانیـك یـان کـەتنێکی ئابروبـەر یـان تاوانـەکانی تـیرۆر یـان تاوانەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەوەیی دەوڵەت.

د– دەرچووی یەکێك لەمانە بێت:

١– کۆلیژە سەربازیە عیراقیەکان.

٢– کۆلیژە سەربازیە بیانیەکان کە قوتابی لە لایـەن وەزارەتـی بەرگریەوە بۆیان نێردرابێ ، و لەلایەن وەزارەتـی بـەرگری عیراقەوە دانیان پێ نرابێ .

٣– کۆلیژ و پەیمانگا باڵا ناسەربازیەنەی کە ماوەی خوێندنیان لە (٤) چوار ساڵ کەمتر نیە .

٤– ئەو خولە تایبەتانە کە وەزارەت ڕێکیان دەخات .

هـ– مەرجەکانی لێهاتووی جەستەیی و سەلامەتی تەندروستیی هەبێت .

دووەم – مەرجی تەمەن کە لە بەندی (ب) لە بڕگەی (یەکەم) لەم ماددەیـە هـاتووە ئەو ئەفسەرە ناگرێتەوە کە گەڕاندراوەتەوە بۆ خزمەت .

ماددەی–٥– یەکەم : أ – دەرچووی یەکێك لە کۆلیژە سەربازیە عیراقیەکان لە بەرواری وەرگرتنـی پلەکەی مافگری مووچە کەیەتی .

ب – ئەو ئەفسەرە کە گەڕاندراوەتەوە بۆ خزمەت لە بەرواری دەسـپێکردنی بە خزمەت مافگری مووچە کەیەتی .

دووەم : ئەفسەر مووچەی پلەی بەرزتری بۆ دادەنرێت لـەو کاتـەوە کـە فەرمانـدەی گـشتـی هێـزە چەکـدارەکـان بڕیار دەدات یـان لـە بـەرواری دیاریکـردنی پلەبەرزکردنەوە کە .

سێیەم : ئەفسەر سەرموچەی ساڵانەی بۆ دادەنرێت لە تەواوکردنی (١) یەك ساڵ لە خزمەتی چاك لە ماوەی پلەبەرزبوونیەوە بۆ یەك پلە .

ماددەی –٦– یەکەم : أ – وەزیر بۆی هەیە بە ڕەزامەندی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان یان نوێنـەرە کـەی ، گرێبەسـت بکـات لەگـەڵ ئەوانـەی دەیانـەوێ خۆبەخشبکەن بۆ کارکردن بە سیفەتی ئەفسەر لە هێـزە چـەکدارەکان

ئەگەر مەرجە یاساییەکانی هەبێت کە لە دەقـەکانی مـاددەی (٤) ی ئەم یاسایە هاتووە و بەپێی پێویستی و پسپۆری .

ب – مەبەست لە هێزە چەکدارە عیراقیەکان سوپایە و هێزەکانی وشکایی و دەریایی و ئاسمانی و هەر هێزێکی دیکە دەگرێتەوە کە پەیوەستە پێی و لە ژێر فەرمانی کار دەکات بەپێی حوکمەکانی یاسا .

دووەم : ئەوانەی حوکمەکانی برگەی (أ) لە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە دەیانگرێتەوە بە پێشنیاری وەزیر و بە ڕەزامەندی فەرمانـدەی گـشتی هێـزە چـەکدارەکان پلەیان پێ دەبەخشرێ .

ماددەی –٧– یەکەم : ماوەی گرێبەستی ئەفسەرە (٢٠) بیست ساڵە و شیاوی درێژەدانە بۆ مـاوەی (٥) پێنج ساڵ بۆ هەرجارێك بە ڕەزامەندی وەزیر .

دووەم : ئەفسەر خانەنشین دەکرێ دوای تەواوکردنی ئـەو ماوەیـەی کـە لـە بەنـدی (یەکەم)ی ئەم مادەیە هاتووە و مەبەستیش لە خزمـەتی سـەربازی خزمـەتی کرداریە لە هێزە چەکدارەکان .

سێیەم : وەزیر بۆی هەیە درێژە بداتە ماوەی گرێبەستەکە بۆ ئەوانەی حوکمـەکانی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە لە باری جـەنگ و نائاسـایی و سەربازگیری و قەیرانەکان .

چوارەم : ئەو ئەفسەرە کە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە دەیگرێتەوە دەبێ پابەند بێت بە یاسا وپەیرەوە سەربازیەکان و ماف و نازباریە یاسایەکانیش دەیانگرێتەوە.

ماددەی –٨– یەکەم : مووچەی ئەفسەرەکان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

أ – لایەنگرەکان لە پلەی مولازم تا پلەی رائد .

ب – سەرکردەکان لە پلەی موقەدەم تا پلەی عەقید .

جـ – فەرماندەکان لە پلەی عەمید تا پلەی فەریقی یەکەم .

دووەم : مووچەی سـەربازەکان و سەرموچـە سـالأنەکانیان بـەپێی یاسـای مووچـەی فەرمانبـەرانی دەوڵـەت و کـەرتی گـشتی ژمـارە (٢٢)ی سـاڵی ٢٠٠٨ دیـاری دەکرێت و بەپێی بـەراوردکردنی مووچـەی سـەربازی بـە پلـەی فەرمانبـەری شارستانی لە لایەن هەردوو وەزارەتی دارایی و بەرگری ئامادەدەکرێت.

## بەشی دووەم

## ((پلە بەرزبوون))

ماددەی -٩- دەكرێ پلەی ئەفسەر بەرزبكرێتەوە گەر ئەو مەرجانەی كە لە دەقەكانی ئەم یاسایە هاتووە پیادە كرابێت و ماوەی پلەبەرزبوونی دیاریكراو تەواوكردبێت كە بەرامبەر پلەكەیەتی لە خزمەتی سەربازی بەبێی ئەمەی خوارەوە:-

| پلە | ماوەی پلە بەرزبوون |
|---|---|
| مولازم | ٣ سێ ساڵ |
| مولازمی یەكەم | ٣ سێ ساڵ |
| نەقیب | ٤ چوار ساڵ |
| رائید | ٤ چوار ساڵ |
| موقەدەم | ٤ چوار ساڵ |
| عەقید | ٤ چوار ساڵ |
| عەمید | ٦ شەش ساڵ |
| لیوا | ٦ شەش ساڵ |
| فەریق | ٦ شەش ساڵ |
| فەریقی یەكەم | ــــــــــــــــــــ |

ماددەی -١٠- دەكرێ ئەفسەرێك پلەی بەرز بكرێتەوە بۆ پلەیەكی بەرزتر ئەگەر ماوەی بچووكی پلەبەرزبوونی تەواوكرد كە لە ماددەی (٩)ی ئەم یاسایە هاتووە و ئەم مەرج و رێكهینانەی خوارەوەی هەبێت:

یەكەم : پێویستە ماوەی بچووكی پلەبەرزبوونی تەواو كردبێت بە نەژماردنی ماوەی نەبوونی لە وەزارەت. و ماوەی بچووك بۆ ئامانجی پلەبەرزبوون بەم شێوەی خوارەوە دەژمێردرێت:-

كۆی ئەو ماوەیەی كە ئەفسەرەكە لە سوپا بەسەری بردووە تاكوو بەرواری ٢٠٠٣/٤/٩ و ئەو ماوەیەی كە لە سوپا بەسەری بردووە پاش ئەو بروارە.

دووەم : دەبێ لە پوستێك بێت شایەنی پلەبەرزبوون بێت .

سێیەم : ماوەی بوونی لە پۆستەكە لە سێ مانگ كەمتر نەبێت .

چوارەم : ئەو ئەفسەرە خانەنشینانەی سەر بە فەرمانگەی مەشقكەرەكانی ڕۆژی نەخوەن و گەراونەتەوە بۆ خزمەت پلەبەرزبوونیان رائەگیری ئەگەر دەستەی خانەنشینی نیشتمانی بڕیاری بچرینی پەیوەندیەكەی پێیانەوە نەدا .

پێنجەم : پێویستە ماوەی ساڵێكی خزمەتی كرداری لە سوپای نوێی عیراق تەواوكردبێت .

شەشەم : پێویستە فەرماندەكەی ڕاسپاردەی پلەبەرزبوونی بكات .

حەوتەم : پێویستە حوكم نەدرابێت لە لایەن دادگایەكی سەربازی لە ماوەی بچووكی پلەبەرزبوونی .

هەشتەم : پێویستە حكم نەدرابێت لە لایەن ئەفسەری تەمبێكردن بە (٣) سێ سزای بەرزەفتكردن لە دوو فەرماندەی جیاواز لە ماوەی بچووكی پلەبەرزبوون .

نۆیەم : پێویستە سزای بەرزەفتكردن بەسەر نە سپاندرابێت لە لایەن فەرماندەی گشتی هێزە چەدارەكان یان وەزیری بەرگری یان سەرۆكی ئەركانی سوپا ، لە ماوەی بچووكی پلەبەرزبوون .

دەیەم : وەزیر بۆی هەیە (٩٠) نەوەد ڕۆژ ببەخشێت بۆ تەواوكردنی كەمیی ماوەی بچووكی پلەبەرزبوون .

یازدەیەم :پلەبەرزكردنەوەی ئەفسەرەكانی پۆلێنەكانی خزمەتگوزاری و كارگێری بۆ پلەی لیوا تەنها بۆ پۆستی بەڕێوەبەری پۆلێن دەبێت و پلەبەرزنەكردنەوەی ئەو ئەفسەرانەی كە لە دەرەوەی پۆلێنەكانیان ناگرێ بەدەر لەو ئەفسەرانەی نیشانەی روكنیان هەڵگرتبێت و ئەو كەسانەی پۆستی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەكیان بەدەستەوە بێت .

دوازدەیەم : ئەفسەرە سەركردەكان لە بارەگای گشتی لە پلەی موقەدەم بەرەو سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە یان بەپێی ڕێكهێنانی هاوتایی پۆستەكان و دەنگدانی ئەنجومەنی بەرگری پلە بەرزدەكرێنەوە:

أ – پێویستی گرتنی پۆستی فەرماندەی فەوج یان هاوتای لە پۆلێنەكانی دیكە و خزمەتەكەی لە یەكەكانی مەیدان لە ماوەیەك بەلای كەمەوە كەمتر نەبێت لە نیوەی ماوەی بچووكی پلەكەی (٢) ساڵ بۆ پلەبەرزبوونی پلەی عەقید بۆ عەمید .

ب- پێویستی گرتنی پۆستی فەرماندەی لیوا یـان هاوتـای لـە پۆلێنـەکانی دیکە و خزمەتەکەی لە یەکەکانی مەیدان لە ماوەیەك بەلای کەمەوە کەمتر نەبێت لە نیوەی ماوەی بچووکی پلەکەی (٣) سێ سـاڵ بـۆ پلەبەرزبوونی ئەفسەر لە پلەی عەمید بۆ لیوا .

سێزدەیەم : دەکرێ ئەو ئەفسەرە سەرکردانەی پوستی فەرماندەی فیرقەیان وەرگرتوە و بۆ سەرەوە پلەبەرزبوون بکرێن بۆ مەبەستی وەرگرتنـی پۆسـت بـەدەر لـە مەرجی ماوەی بچووکی پلەبەرزبوون بە مەرجێك ماوەی بـەدەر کـردن لـە ساڵێك زیاتر نەبێ و بەدەنگدانی ئەنجومەنی بەرگری .

چـواردەیەم : ئەفـسەر لـە پلـەی مـولازم یـان لـە دەرەوەی پۆلێنەکـەی خـوی بێـت پلەبەرزبوون ناکری ئەگەر لە خولی بنەڕەتی پۆلێنەکەی خۆی تێنەپەڕێت.

پازدەیەم : ئەفسەر پۆستی سەرکردەی فرقە و بەرەو سەرەوە ناگرێ ئەگەر لە خولەکانی کۆلیژی جەنگ یان بەرگری نیشتمانی دەرنەچووبێت .

شازدەیەم : ئەفسەر لـە پلـەی موقـەدەم و بـەرەوخوار دەبـێ لـە خولـە سـپاندنەکان و تاقیکردنەوەی پلە بەرزبوون تێپەربێت .

حەڤدەیەم : پێویستە خزمەتکردنی ئەفسەر لە پلەی عەمید و بەرەوخوار لە یەکـەکانی مەیـدان لـە ماوەیـەك بـەلای کـەم لـە نیـوەی مـاوەی بـچووکی مـاوەی پلەبەرزبوونی دیاریکراو لە ماددەی (٩) کـەمتر نـەبێت جگـە پۆلێنـەکانی خزمەتگوزاری و کارگێری .

هەژدەیەم : وەزیر بۆی هەیە و بە دەنگدانی ئەنجومەنی بەرگری هەر مەرجێکی نـوێی تەواوکەر زیادبکات بەشێوەیەك خزمەت بگەیەنێتـە بەرژەوەنـدی سـوپا و ڕێگربێ لە خاو بوونەوە .

ماددەی -١١- سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆی هەیە بە ڕەزامەندی وەزیر چەند لیژنەیەك دامەزرێنێت تایبـەت بـە پلەبـەرزبوون بـۆ وردبوونـەوە لـە کارنامـەکانی پلەبەرزکردنـەوەی ئەفسەرەکان و بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم : لیژنەی ئەفسەرە لایەنگرەکان و بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێك بەلایـەنی کەم لە پلەی فەریق بێـت و دە ئەنـدام لـە فـەرمانگا جیاوازەکـان بـە مـەرجێك چـەند ئەنـدامێك لـە فـەرمانگاکانی کـارگیری و یاسـایی و

ئاسـایش و هـەواڵگری و داراییـەكانی تێـدابێت بـۆ وردبوونـەوە لـە كارنامەكانی ئەفسەرە لایـەنگرەكان لـە پلـەی رائیـد و بـۆ خـوارەوە و پێشكەشكردنی راسپاردەكانی بـە راسـپاردن یـان ناراسـپادن لەگـەڵ پیشاندانی هۆكارەكانی ڕێكهێنان ومەرجەكانی پلەبەرزبوون بەپێ یاسا.

دووەم : لیژنەی ئەفسەرە سەركردە و فەرماندەكان و بە سەرۆكایەتی ئەفسەرێك دەبێت پلەكەی لـە فـەریق كـەمتر نـەبێت و دە ئەنـدام لـە فـەرمانگا جیاوازەكان بە مەرجێك چەند ئەندامێك لە فەرمانگاكانی كـارگێری و یاسایی و ئاسایش و هەواڵگری و داراییەكانی تێدابێت بۆ وردبوونـەوە لـە كارنامـەكانی ئەفـسەرەكان (سـەركردەو فەرمانـدەكان) لـە پلـەی موقەدەم و بۆ سەرەوە و پێشكەشكردنی ڕاسپاردەكانی بە ڕاسپاردن یـا ناراسپاردن لەگەڵ پیشاندانی هۆكارەكانی ڕێكهێنان و مەرجەكانی پلەبەرزبوون بەپێی یاسا .

سـێیەم : ئـەو ئەفـسەرە سـەركردانە لـە پلـەی موقـەدەم و بـۆ سـەرەوە كـە مەرجەكانی پلەبەرزكردنەوەیان هەیە و لیژنەی پلەبەرزبوونی تایبەت بە سەركردەكان رایسپارد بە پلەبەرزكردنـەوەیان دەخرێنـە دەنگـدانی نهێنی لە ئەنجومەنی بەرگری و پێویستە ئەفسەرەكە زۆرینەی ژمارەی ئەندامەكانی ئەنجومەنەكە وەبگرێت بۆ مسۆگەر كردنی پلەبەرزبوونەوە بە مەرجێك دەنگی فەرماندەی هێزەكانی وشكایی یـان ئاسمـانی یـان دەریایی تیابێت بەپێی پسپۆری ئەفسەرەكە .

چوارەم : ئەو ئەفسەرە كە ناوی دەسڕێتەوە لـە خـشتەی پلەبەرزبوونـەوە لـە لایەن بەڕێوەبەرایەتی كارگێری ئەفسەرەكان پێش ماوەیـەكی گونجـاو ئاگاداردەكرێتەوە لەگەڵ هۆكارەكانی سڕینەوە بەرامبەر هـەر ناوێـك و ئەفسەرەكەش بۆی هەیە ناڕەزایی پیشان بدات لە ماوەی (١٥) پـازدە ڕۆژ و پێشكەشكردنی ئەو بەراییانەی كە پشتگیری مافەكەی لە پلەبەرزبوونەوەی دەكات .

ماددەی -١٢- ناكری ئەفسەر بە فەرمانی تاكانە لـە دەرەوەی هـەردوو خـشتەی پلەبەرزبوونـەوەی ئەفسەرەكانی پشتگیركراو بەشێوەیەكی فەرمی لە (٦) شەشـی كـانونی دووەم و (١٤)

چواردەی تەمووزی هەر ساڵێك پلەبەرزبکرێتەوە و لەبەر هەر هۆکارێك بێت و لەلایەن هەر لایەنێك بەپێی یاسا .

ماددەی -١٣- یەکەم : ئەکرێ ئەفسەرێك لە پلەی عەمید و بەرەو سەرەوە خانەنشین بکرێت بە پلەیەکی بەرزتر لە پلەکەی خۆی ئەگەر هەموو مەرجەکانی پلەبەرزبوونەوەی هەبێت و بەرزنەکرابێت لەبەر نەبوونی شوێنی بەتاڵ لە میلاك .

دووەم : ئەگەر ئەو ئەفسەرە کە حوکمەکانی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە خانەنشین نەکرا ئەوە نێوەی جیاوازی نێوان مووچەکەی (مووچەی پلەکەی) و مووچەی پلەی دوای پلەکەی پێی دەبەخشرێت .

سێیەم : ئەو ئەفسەرەی کە حوکمەکانی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە خانەنیشن دەکرێت بە مووچەیەکی بەرزتر گەر پلەبەرز نەبوو دوای تێپەڕبوونی (٢) دوو ساڵ لە مێژووی مافگرتنی پلەبەرزبوون .

چوارەم : ئەفسەر لە پلەی موقەدەم تا عەقید نێوەی جیاوازی نێوان مووچەکەی و مووچەی پلەی بەرزتری پێدەبەخشرێت ئەگەر هەموو مەرجەکانی پلەبەرزبوونەوەی هەبێت و بەرزنەکرابێت لەبەر نەبوونی شوێنی بەتاڵ لە میلاك .

پێنجەم : ئەو ئەفسەرە کە حوکمەکانی بەندی (چوارەم) ی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە ، بەپلەیەکی بەرزتر خانەنشین دەکرێت دوای تێپەڕبوونی (٢) دوو ساڵ لە رێکەوتی مافگرتنی لەبەر نەبوونی شوێنی بەتاڵ لە میلاك.

ماددەی -١٤- یەکەم : دەکرێ بە ڕەزامەندی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ئەفسەرێك راسپێردار بکرێت بۆ خزمەتێك لە دەرەوەی سوپا بۆ ماوەیەك لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت و دەشێ بۆ یەك جار درێژەی پێ بدرێت.

دووەم : دەکرێ بە ڕەزامەندی وەزیر خۆبەخشکەر راسپێردار بکرێت بۆ خزمەتێك لە دەرەوەی سوپا بۆ ماوەیەك لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت و دەشێ بۆ یەك جار درێژەی پێ بدرێت .

سێیەم : ئەو سەربازە راسپێردارە دەگەڕێندرێتەوە بۆ خزمەت دوای بەسەرچوونی ماوەی راسپێردارەکەی یان کەی پێویستی پێی بوو .

ماددەی -١٥- یەکەم : ماوەی خزمەتی سەربازی راسپێردار لە دەرەوەی سوپا بە خزمەتی سەربازی دەژمێردرێت و پلەبەرزبوون دەکرێت گەر مەرجەکانی پلەبەرزبوونی هەبوو و مافداری ئەو پلەیەبووە .

دووەم : مووچەکان و دەرماڵەکانی سەربازی راسپێردار لە لایەنی بۆ راسپێرداروە ئەدرێتی و لە ماوەی راسپێردار کردنی پابەندە بە حوکمە گشتیەکانی راسپێردار کردن .

## بەشی سێیەم

## ((پێشخستن))

ماددەی -١٦- فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆی هەیە لە سەر پێشنیاری وەزیر ئەفسەرێك پلەبەرزبکاتەوە بۆ یەك پلەی بەرزتر بەدەر لە حوکمەکانی ئەم یاسایە و بۆ یەك جار بە درێژایی ماوەی خزمەتەکەی یان بەخشینی پێشخستنی نایاب بۆ ماوەیەك لە (١) یەك ساڵ زیاتر نەبێت لە یەك پلە لە یەکێك لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە:

یەکەم : ئەگەر هەستا بە کارێکی قارەمانانەی شەرافەتمەند و بوە شانازیەك بۆ سوپا یان مەترسیەکی گەورەی لادا لە کاتی جەنگ یان بزاڤێکی کرداری یان لە ڕووبەڕووبوونەوە سەربازیەکان .

دووەم : ئەگەر تواناێکی نایاب یان سەرکەوتنێکی زانستی دیاریی پیشاندا یان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی و خزمەتکردنی لە سوپا و نیشتمان رەنجێکی گەورەی دا و فەرماندەکانی بە زنجیرەیی شایەتی هەستانی بە ئەو کارەیان دا .

ماددەی -١٧- یەکەم : ئەفسەر پێشخستنی نایاب بە بڕیارێکی وەزاری و بەم شێوەی خوارەوە پێی دەبەخشرێت:

أ- ماوەی (١) یەك سالْ بۆ دەرچوو لە کۆلیژی ئەرکان یان هاوشێوەکەی لە خولی ئەرکانی فڕۆکەوانی یا دەریاوانی .

ب - ماوەی (١) یەك سالْ بۆ ئەو پزیشکە کە نازناوێکی دەستکەوتووە لە هەر لقێك لە لقەکانی پزیشکی و ئەو کەسەی بڕوانامەی ماجستێر یان هاوتاکەی لە پاش بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی وەربگرێت و (٢) دوو سالْ بۆ ئەو کەسەی بڕوانامەی دوکتۆرا وەربگرێت .

دووەم : ناکری پێشخستنی نایاب کە لە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە ببەخشرێت بۆ ماوەی زیاتر لە (٢) دوو سالْ لە یەك پلە لە هەر حالەتێك لەو حالْتانەی کە لەم ماددەیە هاتووە .

ماددەی -١٨- ئەو پێشخستنە نایابە کە لە ماددە (١٦)ی ئەم یاسایە هاتووە لە ماوەی بچووك بۆ پلەی بەرزتر دەژمێردرێت .

ماددەی -١٩- وەزیر بۆی هەیە پێشخستنی نایاب بۆ ماوەیەك لە (١) یەك سالْ زیاتر نەبێت ببەخشێتە دەرچوو لە یەکێك لە کۆلیژە سەربازیەکان ئەگەر:-

یەکەم : سەرکەوتوبیٚ لە بەشی زانستی بە ڕێژەیەك کەمتر نەبێت لە (٨٠٪) هەشتا لەسەد .

دووەم : تێکرای دەرچوونی لە کۆلیژ لە هەموو وانەکان (جگە وەرزش و ئەسپسواری) لە (٨٠٪) هەشتا لە سەد کەمتر نەبیٚ .

ماددەی -٢٠- یەکەم : ماوەی پێشخستنی نایاب لە ماوەی خزمەتی خانەنشینی ناژمێردرێت .

دووەم : مەبەست لە خزمەتی خانەنشینی بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە هەر خزمەتێکی دیکەی خانەنشینیە کە دەشیٚ بخرێتە سەر خزمەتی سەربازی بۆ مەبەستی خانەنشینی سەربازی .

## بەشی چوارەم

## ((ڕوانەکردن بۆ لیستی نیو مووچە))

ماددەی -٢١- وەزیر بۆی هەیە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی بەرگری ئەفسەرێك ڕەوانەی لیستی نیو مووچە بكات بۆ ماوەیەك لە (٦) شەش مانگ زیاتر نەبێت لە بەر یەكێك لەم هۆكارانەی خوارەوە:

یەکەم : خراپی ڕەفتاری پاڵپشت بەو ڕاپۆرتانە کە لە سەری بەرزکراونەتەوە لە لایەن فەرماندەکانی بە شێوەیەکی زنجیرەیی .

دووەم : پەککەوتنی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی لەبەر بێ توانایی پاڵپشت بەو ڕاپۆرتانە کە لە سەری بەرزکراونەتەوە لە لایەن فەرماندەکانی بە شێوەیەکی زنجیرەیی .

سێیەم : سەرنەکەوتنی لە یەکێك لە خولە سەپاندنەکان یا بنەڕەتیەکان لەپۆلێنەکەی .

ماددەی -٢٢- ئەفسەری ڕەوانەکراو بۆ (لیستی نیو مووچە) مافی وەرگرتنی نیو مووچەی پلەکەی هەیە لە سەرەتای بەرواری ڕەوانەکردنی بۆ لیستەی نیو مووچە و ملکەچی یاسا و فەرمانە سەربازیەکان دەمێنێتەوە .

ماددەی -٢٣- ئەگەر ئەفسەرەکە ڕەوانەکرا بۆ لیستی نیو مووچە لەبەر خراپی ڕەفتاری یان بێ توانایی بەپێی هەردوو بەندی (یەکەم) و (دووەم) لە ماددەی (٢١)ی ئەم یاسایە ماوەی مانەوەی لە لیستی نیو مووچە لە خزمەتەکەی کەم دەکرێتەوە لە یەکەم جار و دوو ئەوەندەی ماوەکە بۆ دووەم جار و بۆ جاری سێیەم خانەنشین دەکرێت .

ماددەی -٢٤- یەکەم :پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەر بۆ لیستی پلەبرزبوونی داهاتوو دوادەخرێت ئەگەر سێ جار سزای بەرزەفتکردن درا لەلایەن ئەفسەری تەمێکردنی جیاواز لە پۆست و شوێنی کار یان ئەگەر سزا درا لە دادگایەکی سەربازی بەهەر سزایەك بێت .

دووەم : وەزیر بۆی هەیە پلەبەرزکردنەوەی ئەو ئەفسەرە دوابخات کە سەرناکەوی لە خوێندنی بالاٌ و خوێندنی بەرایی و خولە گرنگەکانی ناوەوەی عیراق و دەرەوەی یان لێیان کشابێتەوە تەنها ئەگەر سەرنەکەوتنەکەی یان کشانەوەکەی لەبەر هۆکاری نەخۆشیەك لە خۆویستی بەدەر بێت پاڵپشت بە راپۆرتێکی پزیشکی کە وەزیر هەڵیدەسەنگێنی .

ماددەی -٢٥- تەنها ئەفسەری دەرچوو لە کۆلیژی ئەرکانی سوپا و خولەکانی هەردوو کۆلیژی جەنگ و بەرگری نیشتمانی بۆی هەیە پۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپا یان یاریدەدەرەکانی یان فەرماندەیی فەیلەق یان فیرقە وەربگرێت و وەزیریش بۆی هەیە هەر پۆستێکی دیکەش بخاتە پاڵ ئەو پوستانە بۆ هەمان مەبەست .

## بەشی پێنجەم

## ((خزمەتی پێشنوێژەکان))

ماددەی-٢٦- یەکەم : أ – بە بڕیارێك لە وەزیر ، پێشنوێژ لە سوپا دادمەزرێت و پلەکەی پێ دەبەخشرێت، و بەرزبوون و خانەنشین دەکرێت و دەگەڕێندرێتەوە بۆ خزمەت و دەستلەکارکێشانەکەی قبووڵ دەکرێت .

ب – مەبەست لە پێشنوێژ ئەو کەسەیە کە دادەمزێت بۆ ئەنجامدانی بە ئەرکە ئاینیەکان و رێنمایکاری ئاینی و رەوشتی دەکات لە هێزە چەکدارەکان .

دووەم : ئەو حوکمە یاساییانەی پیادە دەکرێن بە سەر ئەفسەرەکان هەمان حوکم پیادە دەکرێت بە سەر پێشنوێژە هاوتاکانیان لە پلە گەر دەقێکی یاسای تایبەت نەبو .

ماددەی -٢٧- ئەوەی وەك پێشنوێژ دادەمەزرێندرێت دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێت:

یەکەم : دەبێ ئەو مەرجانەی هەبێت کە لە ماددەی (٤)ی ئەم یاسایە هاتووە ،بەدەر لەوەی بڕگەی (د) لە بەندی (یەکەم)ی ئاماژەی پێکردوە .

دووەم : دەبێ هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە زانیاری شەریعەت یان ئاینی یان هاشێوەی .

ماددەی -٢٨- بە ڕێنماییەك وەزیر دەری دەكات ئەمانەی خوارەوە دیاری دەکرێن:-

یەکەم : پلەکانی پێشنوێژەکان و مووچە و سەرمووچە ساڵانەکانیان و پلەبەرزبوونیان .

دووەم : ئەرکەکانی پێشنوێژ و جلوبەرگەکانی و نیشانەکانی .

## بەشی شەشەم

## ((خزمەتی خۆبەخشکەران))

ماددەی -٢٩- یەکەم :قبوولکردن و نوێکردنەوەی گرێبەستی خۆبەخشکەر و پلەبەرزبوونی و ڕاگواستنی لە پۆلێنیکەوە بۆ پۆلێنێکی دیکە و دەرکردنی لە خزمەت و خانەنشینکردنی و گەڕاندنەوەی بۆ خزمەت بە بڕیارێك لە وەزیر دەبێت یان نوێنەرەکەی ، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە .

دووەم : وەزیر بۆی هەیە گرێبەستی خۆبەخشکەر هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر بۆی دەرکەوت کە پابەند نیە بە ڕەفتار و ڕێکهێنانەکانی خزمەتی سەربازی پاڵپشت بە بڕیارێکی ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوە و بە ڕاسپاردەی فەرماندە ڕاستەوخۆکەی .

سێیەم : أ – مەبەست لە خۆبەخشکەری سەربازی لە پلەی سەرباز بۆ پلەی جێگری ئەفسەر ئەوەیە کە خزمەتی سەربازی دەکاتە پیشەی خۆی و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو .

ب – مەبەست لە گرێبەستی خۆبەخشکردن ئەو گرێبەستەیە نێوان وەزیری بەرگری یان نوێنەرەکەی و خۆبەخشکەرێك مۆرکراوە.

ماددەی -٣٠- خۆبەخشکردن لە خزمەتی سەربازی بەپێیُ گرێبەستی خۆبەخشکردن دەبێت و بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەکرێت :

یەکەم : عیراقی بێت .

دووەم : تەمەنی خۆبەخشکەر لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٢٥) بیست و پێنج ساڵ زیاتر نەبێت بۆ خۆبەخشکەران لە پۆڵێنە هونەریەکان، و لـە (٣٠) سی ساڵ زیاتر نەبێت بۆ خۆبەخشکەر لە پۆڵێنەکانی دیکە .

سێیەم : ڕەوشت و ناوباگ و ڕەفتاری چاك بێت .

چوارەم : مەرجەکانی لێهاتووی جەستەیی و سەلامەتی تەندروستیی هەبێت.

پێنجەم :حوکم نەکرابێت بە تاوانیك یان کەتنێکی ئابروبەر یان تاوانەکانی تـیرۆر یان تاوانەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەوەیی دەوڵەت .

شەشەم : هەڵگری بە لایەنی کەم بەڵگەنامەی خوێندی سەرەتاییی بێت .

مـاددەی -٣١- یەکـەم : خۆبەخـشکەر پلـەی سـەربازی پـیُ دەبەخـشرێت پـاش رازیبـون لـە خۆبەخشکردنی و ئەکری پلەیـەك یـان زیـاتر لـە پلـەی سـەربازی پـیُ ببەخشرێت پاش دەرچوونی لە خولەکان یان قوتابخانە سەربازییەکان، بە پێی ئەو ڕێنماییانەی وەزیر دەریان دەکات .

دووەم : ئەکری پلەی جێگری عەریف بدرێتە خۆبەخشکەرەکە ئەگەر بەلای کـەم بەڵگەنامەی خوێندنی ناوەندیی هەبێت .

ماددەی-٣٢- پلە و پایەکانی خۆبەخشکەرەکان وەك ئەمەی خوارەوە دەبێت:

أ – جێگری ئەفسەر پلە نایاب .

ب – جێگری ئەفسەر پلە یەکەم .

جـ – جێگری ئەفسەر پلە دووەم .

د – جێگری ئەفسەر پلە سێیەم .

هـ – جێگری ئەفسەر پلە چوارەم .

و – جێگری ئەفسەر پلە پێنجەم .

ز – جێگری ئەفسەر پلە شەشەم .

حـ – جێگری ئەفسەر پلە حەوتەم .

ط – جێگری ئەفسەر پلە هەشتەم .

ي – سەرۆكی عەریفەكان .

ك – عەریف .

ل – جێگری عەریف .

م – سەربازی یەكەم .

ن– سەرباز .

ماددەی –٣٣– یەكەم : ماوەی خۆبەخشكردن بە راهێنان و خوێندنەوە (٢٠) بیست ساڵ دەبێت .

دووەم : خۆبەخشكەر بۆی هەیە پێش كۆتایی ماوەی گرێبەستەكەی بە (٩٠) نەوەد ڕۆژ ، داوا بكات درێژە بدرێتە گرێبەستەكەی بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ ، بۆ هەر جارێك و وەزیر یان نوێنەرەكەی بۆی هەیە ڕازی بێت بەو نوێكردنەوە ئەگەر پێویستی بەرژەوەندی هێزە چەكدارەكان هەبێت .

سێیەم : ناكری خۆبەخشكەر پێش كۆتایی ماوەی خۆبەخشكردنەكەی ، خزمەت بەجێبهێڵێت ، و دەرچوونی بە بڕیارێك دەبێت بە ڕەزامەندی وەزیر یان نوێنەرەكەی .

ماددەی –٣٤– یەكەم : أ – ئەكری خۆبەخشكەری دەرچوو گەر زیاتر لە (٥) پێنج ساڵ بەسەر دەرچوونی تێپەر نەبووبێت، بگەڕێندرێتەوە بۆ خزمەت بە پلە و پایەی پۆلێنەكەی ، گەر خزمەتەكەی سوودمەند بێت بۆ هێزە چەكدارەكان .

ب – مەبەست لە سەربازی هونەری ئەو كەسەیە كارسازی پسپۆریەك یان كارێك یان پیشەیەك لە هێزە چەكدارەكان ئەنجام دەدات .

دووەم : وەزیر بۆی هەیە ئەمانەی خوارەوەبكات :

أ – دەرچووەكە بەدەركات لە مەرجەكانی ئەو ماوەیەی كە لە بڕگەی (أ) لە بەندی (یەكەم) لەم ماددەیە هاتووە و هەروەها لە مەرجی تەمەن كە لە بەندی (دووەم) لە ماددەی (٣٠) هاتووە گەر بەرژەوەندی گشتی پێویست بوو .

ب - بەخشینی پلەیەكی بەرزتر یان زیاتر لە پلەكەی خۆی ببەخشێتە ئەو خۆبەخشكەرە كە لە برگەی (ب) لـە بەنـدی (یەكـەم) لـەم ماددەیـە هاتووە .

ماددەی -٣٥- یەكەم : خۆبەخشكەر لە خزمەتی سەربازی دەردەچێت بە كۆتایی ماوەی گرێبەستی خۆبەخشكردنەكەی و نەبوونی خواستی نوێكردنەوەی ، یان هەڵوەشاندنی گرێبەستەكەی لەسەر داواكاری خۆی .

دووەم : وەزیر ئەمانەی خوارەوەی بۆ هەیە :

أ - دواخستنی دەرچوونی ئەوەی ماوەی گرێبەستەكەی تەواو كردووە و نایەوێ نوێی بكاتەوە، گەر بەرژەوەندی گشتی پێویستی هەبێت .

ب - قبول كردنی وازهێنانی خۆبەخشكەر لە خزمەت لە كاتی تەواوكردنی تەمەنی (٤٠) چل ساڵی .

سێیەم : ئەگەر سـەربازەكە دەچـوو ، یـان وازی هێنـا ، بـەپێی هـەردوو بەنـدی (یەكەم) و (دووەم) لەم ماددەیـە ئـەوە مافـەكانی یەكلادەكرێتـەوە بـەپێی حوكمەكانی یاسا .

ماددەی -٣٦- یەكەم : پلەبەرزبوونی خۆبەخشكەر بەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت :

أ- دەبێ خزمەتی (١) یەك ساڵی هەبێ ئەگەر سەرباز بوو و (٢) ساڵ ئەگـەر (سەربازی یەكەم) بوو ، و (٣) سێ ساڵ ئەگەر پلەیەكی بەرزتری بوو.

ب- دەبێ لە لایەن فەرماندە زنجیریكانیەوە بە دڵسوز و لێهاتوو ناسراوبێت .

جـ - هەبوونی شوێنی بەتاڵ لە میلاك تەنها ئەوەی بـەدەرە لـەم مەرجـە بـە بڕیارێكی وەزیر یان دەرچووی مەلبەندەكانی راهێنـانی پیـشەیی بێـت لـە هێزە چەكدارەكان یان هاوتاكانیان .

د- دەرچووی تاقیكردنەكان و خولەكانی پلەبەرزبوون بـۆ پلەبەرزكردنـەوە بـۆ پلەیەكی بەرزتر .

هـ- دەبێ بە لای كەم هەڵگری بەڵگەنامەی خوێندنی ناوەنـدیی یـان هاوتـای بێت ئەگەر پلەكەی سەرۆك عەریفەكان یان عەریف بێت .

دووەم : لە کاتی یەکسانی لە مەرجەکانی پلەبەرزبوون و نەبوونی شوێنی بەتاڵ لە میلاك ئەوەی پێشووترە لە پلە پێشدەخرێت وگەر لەمەش یەکسان بوون ئەوەی پێشووتر بێت لە پلە پێشووەکەی پێشدەخرێت و بە هەمان شێوە بۆ پلە پێشووەکان. و ئەگەر یەکسان بوون ئەوەی بەرواری خۆبەخشینەکەی کۆنتر بێت پێشدەخرێت .

سێیەم : بەدەر لە حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە ، وەزیر یان نوێنەرەکەی بۆی هەیە لە باری جەنگ یان باری نائاسایی یان بزووتنەوە کرداریەکان و رووبەڕووبوونەوە سەربازییەکان ، پلەی سەرباز دوو پلە پلە بەرزبوون بکات، و ئەووانی دیکە یەك پلە بەرز بکاتەوە ، ئەگەر بەرژەوەندی خزمەت پێویستی پێ بوو .

ماددەی -٣٧- یەکەم- دەکری بە پێشنیاری وەزیر و ڕەزامەندی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان پلەی ئەفسەر بدرێتە خۆبەخشکەرێك یان پلەبەرزکردن بکرێ بۆ پلەیەکی بەرزتر لە پلەکەی خۆی یان پێشخستنی نایابی پێ ببەخشرێت کە لە (٢) ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر لە باری جەنگ یان بزووتنەوە کرداریەکان یان باری نائاسایی یان رووبەڕووبوونەوە سەربازییەکان، ئازایێکی نایابی پیشاند یان کارێکی قارەمانانەی شەرافەتمەندی نواندن کە شانازی بێت بۆ سوپا، و ئەو ماوەیە کە لە پلە پێشووەکەی بەسەری بردووە بە پێشخستنی نایاب بۆی دەژمێردێت لەو پلەیەی بۆی پلەبەرزدەکری .

دووەم : ئەکری پێشختنێکی نایاب ببەخشرێتە ئەو خۆبەخشکەرە کە بە سەرکەوتووی لە یەکێك لە خولە سەربازیەکان دەردەچێت، بۆ ماوەیەك لە ماوەی خولەکە زیاتر نەبێت .

ماددەی -٣٨- پلەبەرزبوونی خۆبەخشکەر بۆ خشتەی پلەبەرزبوونی داهاتوو لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە دوادەخرێت:

یەکەم : ئەگەر لە دادگایەکی تایبەت سزاییێکی بەسەر سەپێنرا.

دووەم : ئەگەر لە (٤) چوار جار زیاتر سزای بەرزەفتکردن بەسەر سەپێنرا و لە پلەی جێگری عەریف بەرەو خوار بوو یان ئەگەر لە پلەی عەریف

بەرەوسەرەوە بوو و سزا درابێت لە لایەن ئەفسەرانی تەمێکردنی جیاواز لە دوو جار زیاتر.

ماددەی -٣٩- ئەو خزمەتەی سەرباز لە سوپا عەرەبی و بیانیەکان دەیکات بە پێی پێسپاردنی فەرمی بە خزمەتی سەربازی دەژمێردرێت.

## بەشی حەوتەم
## ((ووچانی ئاسایی و نەخۆشی))

ماددەی-٤٠- یەکەم : سەرباز مافی ووچانی ئاسایی هەیە بە مووچەیەکە تواو، بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە هەر ساڵێکی خزمەت ، و دەکری لە سەرداواکاری خۆی بەشێك لە ووچانەکەی بدرێتیٚ ، لە سنووری ئەوەی مافپێدانی لە ماوەی خزمەتەکەی.

دووەم : دەکری ووچانە ئاساییەکان کەڵەکە بکرێنەوە بەشێوەیەك لە (١٨٠) سەد و هەشتا رۆژ زیاتر نەبێت ، پێویستە سەرباز ووچانەکانی وەربگریٚ لە ماوەی ئەو ساڵە کە مافپێدراوە یان لە ماوەی ساڵی دواتر .

سێیەم : ئەو ووچانە ئاساییە کە کەڵەکە بووە بۆ سەرباز پێش بەرواری دەرچوونی ئەم یاسایە مافێکی دەسکەوتە بۆ مەبەستەکانی بەندی (دووەم) لەم ماددەیە ، بەلاّم گەر ووچانە کەڵەکەبووەکەی لە (١٨٠) سەد و هەشتا رۆژ زیاتر بوو ، ئەکری ماوە زیادەکە پێی بدرێت تەنیا بە مەبەستی وەرگەرتنی .

چوارەم : ئەگەر سەرباز خانەنشینکرا یان گەڕاندرایەوە بۆی ، یان مرد ئەوە مووچەی تەواوی بەخۆی یان بە بۆ ماوەکانی ئەدرێت لە مافگرتنەکەی لە ماوەی ووچانە کەلەکە کراوەکە ، و لەو مافگرتنەکەی لەسەر ووچانە ئاساییەکانی لە بەرواری خانەنشینکردن یان مردن ، بەپێی حوکمەکانی بەندی (دووەم) لە ماددەیە.

پێنجەم : ئەو ماوەیەی ووچانە ئاساییانە کە سەرباز مافپێداویەتی لە سەر خزمەتە ناسەربازیەکەی پێش خزمەتە سەربازیەکەی بۆی خولدان دەکری ، و ئەو

ووچانە خولكراوانە لە حوكمی ووچانە كەڵەكەكراوەكانی بەندی (سێیەم) لەم ماددەیە دەژمێردرێت .

شەشەم : وەزیر بۆی هەیە ووچانی بی مووچە ببەخشێتە ئەو سەربازە كە ووچانە ئاساییەكانی تەواو كردووە بۆ ماوەیەك لە (٦٠) شەست ڕۆژ زیاتر نەبێت لە حاڵەتی پێویست كە وەزیر هەڵیدەسەنگێنێت .

حەوتەم : بەخشینی ئەو ووچانانەی لەم ماددەیە هاتووە ڕێكدەخرێت و بەرنامەی رابوارن و ڕۆشنبیری تایبەت بۆ دادەنرێت بۆ سوود وەرگرتن لێی بەپێی ڕێنماییەك وەزیر دەری دەكات .

ماددەی –٤١– یەكەم : ئەو سەربازەی كار دەكات لە بواری تیشك ووچانەی تایبەتی ئەدرێتی بە مووچەیەكی تەواو بۆ ماوەی (٧) حەوت رۆژ لە هەر (٣) سیٚ مانگ خزمەت بیٚ ئەوەی خولبكرێت .

دووەم : وەزیر بۆی هەیە هەر پێشەیێكی دیكە بگرێتەوە بە پێشنیاری بەڕێوەبەری كاروباری پزیشكی .

ماددەی –٤٢– ووچانی نەخۆشی دەبەخشرێتە سەرباز ئەگەر نەخۆش كەوت یان تووشی پێكان بوو لە كاتی خزمەتەكەی ، بە پێی ڕاپۆرتێكی پزیشكی دەرچوو لە لیژنە پزیشكیە فەرمییەكان و هەموو هۆكارەكانی جاودێری تەندروستی و چارەسەركردنی پێشكەش دەكرێت بە پێی ئەمانەی خوارەوە :

یەكەم : ئەگەر نەخۆشییەكەی یان تووشبوونی بە هۆیك بێت پەیوەندی بە خزمەتەوە نەبێت ، ئەوە ووچاننی نەخۆشی بە مووچەیەكی تەواوی پێدەدرێت تاكو چاك دەبێتەوە بە مەرجێك كە لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت ، ئەگەر لە كۆتایی ووچانەكە چاك نەبوو ، یان بە بڕیارێكی لایەنی پزیشكی بڕیاردرا كە شیاوی بەردەوام بوون نیە لە خزمەت ، ئەوە مافە خانەنشینیەكانی بەپێی یاسا یەكلادەكرێتەوە .

دووەم : ئەگەر نەخۆشیەكەی یان پێكانەكەی لە خزمەتیدا بوو یان بە هۆیەوە بێت ، ئەوە ووچانی نەخۆشی بە مووچەی تەواوی دەدرێتیٚ تاكو چاك بوونەوەی بۆ ماوەیەك لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت ، و ئەگەر لە كۆتاییدا چاك نەبوو،

یان له لایەنی پزیشکیەوە بڕیاردرا کە شیاوی بەردەوام بوون نیە لە خزمەت، مافە خانەنشینیەکانی بەپێی یاسا یەکلا دەکرێتەوە .

سێیەم : وەزیر بۆی هەیە لە سەر ڕاسپاردەی لیژنەیەکی پزیشکی کە لەم ماددەیە هاتووە ، درێژە بداتە ئەو ووچانە نەخۆشییانە کە لە هەردوو بەندی (یەکەم) و (دووەم) هاتووە بۆ ماوەیەك لەو ماوە دیاریکراوەی هاتووە زیاتر نەبێت .

چوارەم : فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان یان نوێنەرەکەی بۆی هەیە خانەنشینکردنی سەرباز دوابخات بەو هۆیانە کە لە هەردوو بەندی (یەکەم) و (دووەم) لەم ماددەیە هاتووە گەر بەرژەوەندی خزمەتەکە پێویستی بوو .

ماددەی -٤٣- یەکەم : بەدەر لە حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٤٢)لەم یاسایە، دەکرێ ووچانی نەخۆشی بە مووچەیەکی تەواو بدرێتە ئەو سەربازە کە تووشی نەخۆشییەکی بلاوە بوو یان گران دەبێت کە بە هۆی خزمەتەوە نەبێت ، بۆ ماوەیەك کە لە (٢) ساڵ زیاتر نەبێت ، و لەو ماوەیە هەموو هۆکارەکانی چاودێری تەندروستی و چارەسەرکردن بۆی دابین دەکرێت .

دووەم : سەربازە نەخۆشەکە لە کاتی چاك بوونەوەی ، یان لە کاتی تەواو بوونی ماوەی ئەو ووچانەی لە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە هاتووە ، ڕەوانەی لیژنەیەکی پزیکشی دەکرێت بۆ بڕیاردان لە شیاویی بۆ خزمەتی سەربازی ، ئەگەر بڕیاری ناشیاویی بەردەوام بوونی بۆ خزمەت درا مافەکانی بەپێی یاسا یەکلا دەکرێتەوە .

ماددەی -٤٤- ئەگەر نەکرا سەرباز لە ناوەوەی عیراق چارەسەر بکرێت ، دەنێردرێتە دەرەوەی عیراق بۆ چارەسەرکردن لە سەر ئەرکی دەوڵەت و بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم : بە ڕاسپاردەیێك لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی فەرمی ئەگەر هۆکاری تووشبوونی بەهۆی جەنگ یان باری نائاسایی یان بزووتنەوەکان یان ڕووبەڕووبوونەی سەربازی بێت و بە ڕەزامەندی وەزیر .

دووەم : بە ڕەزامەندی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لە بارەکانی دیکە کە لە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە هاتووە .

## دەروازەی سێیەم
## ((خانەنشینی سەربازی))
## بەشی یەكەم
## (( خانەنشین كردن))

ماددەی -٤٥- یەكەم- سەرباز خانەنشین دەكرێ بە تەواوكردنی ئەو تەمەنەی كە لە بەرامبەری هەر پلەیەك لەم پلانەی خوارەوە هاتووە :

| ت | پلە | تەمەن |
|---|---|---|
| أ | فەریقی یەكەم و فەریق | ٦٣ شەست و سێ ساڵ |
| ب | لیوا | ٦٢ شەست و دوو ساڵ |
| جـ | عەمید | ٦٠ شەست ساڵ |
| د | عەقید | ٥٧ پەنجا و حەوت ساڵ |
| هـ | موقەدەم | ٥٥ پەنجا و پێنج ساڵ |
| و | رائید | ٥١ پەنجا و یەك ساڵ |
| ز | نەقیب | ٥٠ پەنجاساڵ |
| حـ | مولازمی یەكەم و مەلازم | ٥٠ پەنجا ساڵ |
| ط | لە جێگری عەریف بۆ جێگری ئەفسری هونەری | ٥٧ پەنجا و حەوت ساڵ |
| ی | لە جێگری عەریف بۆ جێگری ئەفسەر | ٥٢ پەنجا و دوو ساڵ |
| ك | سەربازی یەكەم و سەرباز | ٥٠ پەنجا ساڵ |

دووەم : پێشنوێژ كە تەمەنی (٦٠) شەست ساڵی تەواو كرد خانەنشین دەكرێ.

سێیەم : سەرباز خانەنشین دەكرێ ئەگەر گرێبەستەكەی هەڵوەشایەوە پاش تەواوكردنی ئەو ماوەیە كە یاسا بڕیارداوە .

چوارەم : فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكان بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیر درێژە بداتە خزمەتی ئەو كەسانەی گەیشتوونەتە تەمەنی یاسایی بۆ ماوەی

(١) یەك ساڵ و ئەکری بۆ یەك جار نوێبکرێت بەپێی پێداویستیەکانی بەرژەوەندی گشتی .

ماددەی -٤٦- یەکەم: وەزیر بۆی هەیە درێژە بداتە خزمەتی سەربازی هونەری یان خاوەن پسپۆر لە بەر بەرژەوەندی گشتی ، بە مەرجێك ماوەی درێژەدانەکە لە هەموو حاڵەتەکان لە تەواوکردنی تەمەنی (٦٠) ساڵی تێنەپەرێت .

دووەم : لە دیاری کردنی تەمەنی سەرباز بەمەبەستی خانەنشینکردنی پشت دەبەسترێت بە مێژووی لە دایکبوونی کە لە تێنوسەکانی وەزارەتی بەرگری تۆمارکراوە لە دەستپێکردنی خزمەتە سەربازیەکەی .

ماددەی - ٤٧- لە تەك بەرچاوگرتنی حوکمەکانی ماددەی (١٣) لەم یاسایە ئەکری سەرباز خانەنشین بکرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە :

یەکەم : لە سەر داواکاریی خۆی لەبەر چەند هۆیەکی بەجێ بە مەرجێك خزمەتە سەربازیە کرداریەکەی لە (٢٠) ساڵ کەمتر نەبێت .

دووەم : ئەگەر زیاد بوو لە سەر میلاك .

سێیەم : بە سەپاندنی نا توانایی .

چوارەم : بە سەپاندنی پابەند نەبونی بە رەفتار و رێکهێنانەکانی خزمەتی سەربازی .

پێنجەم : ئەگەر پلەبەرزبوون نەکرا پاش (٤) چوار ساڵ لە بەرواری مافگری پلەبەرزبوونەوە و خانەنشین دەکرێ و بە پلەیەکی بەرزتر .

شەشەم : ئەگەر پاش کۆتایی هاتنی ووجانە نەخۆشیەکەی چاك نەبووەوە ، یان ئەگەر لەلایەنی پزیشکیەوە بڕیاری ناشایستەیی بۆ خزمەتی سەربازی درا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە .

ماددەی -٤٨- وەزیر بۆی هەیە دەستلەکارکێشانەوەی ئەفسەر لەم حاڵەتانەی خوارەوە قبوول بکات :-

یەکەم : أ - بە تەواوکردنی ماوەی ئەو گرێبەستە کە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری گرێبەستی کردووە بەپێی ئەم یاسایە .

ب – ئەگەر داوای دەستلەکارکێشانەوەی کرد پێش تەواوکردنی ئەو ماوەیە کە لە برگەی (أ) لە بەندی (یەکەمی) ئەم ماددەیە هاتووە و پێویستە هەموو ئەو خەرجییانە بداتەوە بە وەزارەت کە بۆی خەرجی کردووە بۆ فیربوون و راهێنانی لە خولەکان و قوتابخانە و کۆلیژەکان لە عیراق و دەرەوەی جگە لە مووچە .

دووەم : دەستلەکارکێشاو مافەکانی خانەنشینی (مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی) پێی دەبەخشرێت بە پێی مافگرتنی بەپێی یاسا .

ماددەی –٤٩– یەکەم : لە کاتی ونبوون یان گلدانەوەی سەرباز تەواوی مووچەکەی خەرج دەکرێ بۆ ئەوانەی بە خێویان دەکات تاکو دەگەڕێتەوە یان مردنەکەی ئەسەپێنرێت و مەبەست لە مووچەی تەواو ئەوەی هاورێکانی وەریدەگرن کە بەردەوامن لە خزمەت بە مووچە و دەرماڵەکان .

دووەم : خەرج کردنی مووچەی ونبوو یان گلدانکراو رادەگیرێت و مافەکانی خانەنشینی بۆ بۆماوەکانی یەکلایی دەکرێتەوە لە یەکێك لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە :

أ.سەڵماندنی مردنی و لە بەرواری سەلماندنەوە .

ب. پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ونبوون یان کلدانەوەی ئەگەر بەردەوام بوونی ژیانی نە سەڵمێندرا .

سێیەم : خەرج کردنی مافەکانی خانەنشینی بۆ مافگرانی لە بۆماوەکانی ونبوو یان گلدانکراو رادەگیرێت ئەگەر بەردەوام بوونی ژیانی نەسەڵمیندرا و کارنامەی خانەنشینیەکەی نویٚ دەکرێتەوە بە پێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە و ئەوەی دراوەتە بۆماوەکانی وەرناگیرێتەوە .

چوارەم : ئەگەر ونبوو یان گلدانکراو پاش زیاتر لە (٢) دوو ساڵ لە ونبوونی یان گلدانەوەی گەڕایەوە ئەوە بەردەوام دەبیٚ لە خزمەتەکەی ئەگەر بەپێی راپۆرتێکی پزیشکی سەلماندی کە هێشتا شیاوی خزمەتە و ئەگینا خانەنشیندەکریٚ .

پێنجەم : ئەگەر سەلمێندرا کە ونبوونی سەرباز یان گلدانەوەی بەهۆی کەمتەرخەمی یان نیازپیسی خۆی بووە ئەوا خانەنشیندەکرێ و هەڵسووکەوتی یاسایی بەهەقی وەردەگیرێ .

شەشەم : ماوەی ونبوونی سەرباز یان گلدانەوەی بە خزمەتی سەربازی دەژمێردرێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی حوکمەکانی بەندی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیە و ئەکری پلەبەرزبوون بکری بۆ پلەی بەرزتر لە وادەی مافگریەوە بێ پابەند بوون بە مەرجەکانی دیکە .

حەوتەم : مەبەست لە سەربازی ونبوو: ئەوە وندەبێ و چارەنووسی نازانرێ لە ئەنجامدانی ئەرککەکەی یان بە هۆیەوە و مەبەست لە گلدانکراوی سەربازی ئەوەیە کە لای دوژمن یان لای هەر لایەنێکی نەنەسراو یان لای تاقمە تیرۆریستەکان لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی یان بەهۆی خزمەتەکەیەوە گلدرابێت .

هەشتەم : حوکمە تایبەتەکان بە ونبوو بۆ ئەو شەهیدەش جێبەجێ دەکرێ کە دەسەڵمی کە هێشتا ژیاوە .

## بەشی دووەم

## ((ژماردنی خزمەتی خانەنشینی))

ماددەی -٥٠- یەکەم : ئەو سەربازە کە خانەنشیندەکرێ شایستەی مووچەیەکی خانەنشینیە گەر ماوەی (١٥) پازدە ساڵ و زیاتر خزمەتی خانەنشینیی هەبێت ، بەڵام گەر لەوە کەمتربوو پاداشتێکی خانەنشینیی پێ دەبەخشرێت گەر دەقێکی تایبەت نەبێت .

دووەم : مەبەست لە مووچەی خانەنشینی ئەو مووچەیەیە کە خانەنشین شایستەیەتی و مەبەست لە پاداشتی خانەنشینی ئەوەیە کە دەدرێتە سەرباز گەر مووچەی شایستەی خانەنشینی نەبێت .

سێیەم :راگرتنە خانەنشینیەکان بۆ سەرباز بەپێی ئەو ڕێنماییانە دەبێت کە وەزارەتی دارایی دەریکردوە .

ماددەی -٥١- بە خزمەتی خانەنشینی دەژمێردرێت بۆ سەباز :

یەکەم: ماوەی خزمەتە سەربازیەکەی .

دووەم : ماوەیەك بەقەد ماوەی خزمەتە سەربازییەکەی لە جەنگ بەسەری بردووە ، یان لە ناوچەی بزووتنەوە کرداریەکان ، کە دیاریکردنی بارەگا و هێزەکانی بەشدابوەکان تییدا بە فەرمانی وەزیر دەبێت .

سێیەم : أ- ماوەیەك زیاد دەکری کە یەکسانی نیوەی ماوەی خزمەتە سەربازییەکەیە کە لە کارسازی پسپۆریەکەی لە حاڵەتی ئاسای نەك لە باری جەنگ و بزووتنەوە کرداریەکان ، گەر مرد یان بێ داواکاری خۆی خانەنشینکرا و یەکێك بوو لە کارمەندانی تایەفەی ئاسمانی یان هێزە تایبەتەکان .

ب – مەبەست لە تایەفەی ئاسمانی ئەو سەربازە فڕۆکەوانە یان ئاسمانگەر یان جەنگاوەر یان فیتەر یان ئەندازیار یان تکنیکییە کە کورسیەکی هەیە لە یەکێك لە فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی جەنگاوەر و راگواستن و هەلیکۆپتەر و مەبەست لە هێزە تایبەتەکان : ئەو سەربازەی کار دەکات لە بۆقە مرۆییەکان و ژێرئاوگەر و کارمەندان لە کوشتی ژێر ئاو و سریەکانی بۆمبهاویژی دژەتانك و هێزە تایبەتەکان لە سوپا .

چوارەم : ماوەی پەیرەوی خوێندنی زانکۆیی پێش خزمەتە سەربازیەکەی ، کە بە وەرگرتنی بەڵگەنامە تەواو بوو بۆ ماوەیەك لە نیوەی ماوەی خزمەتە سەربازیەکەی زیاتر نەبێت .

پێنجەم : خزمەتی خانەنشینی ناسەربازی پێش خانەنشینکردنی کە لە خزمەتە سەربازیەکەی زیاتر نەبێت .

شەشەم : ماوەی ووچانی ئاساییە کەڵەکەبووەکەی کە لە (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ زیاتر نیە .

حەوتەم : ماوەکانی دیکە کە دەقێکی یاسایی تایبەتی لەسەر دەرچووە.

هەشتەم : خزمەتەکەی کارمەندانی وەزارەتی بەرگری ئێستا لە سەربازەکان و مەدەنیەکان بە درێژەی خزمەتەکەیان لە وەزارەتی بەرگری پێشوو دەژمێردرێت بۆ مەبەستی ژماردنی مافەکانی خانەنشینی کە لەم یاسایە هاتووە .

ماددەی -٥٢- ئەم ماوانەی خوارەوە بە خزمەتی خانەنشینی بۆ سەرباز ناژمێردرێت:

یەكەم : پێشخستنی نایاب .

دووەم : ئەو خزمەتە كە بەر لە تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی ئەنجامی داوە .

سێیەم : ووچانە بێ مووچەكانی .

چوارەم : رەوانەكردنی بۆ لیستی نیو مووچە .

پێنجەم : ماوەی راگرتن و بەندكردن و زیندانی كردن كە بە حوكمێكی بنبڕ بەسەری بردووە .

ماددەی -٥٣- یەكەم : مافە خانەنشینیەكانی (مووچەی خانەنشینی و پاداشتی خانەنشینی جێگری مووچەی خانەنشینی) بۆ سەرباز یان بۆماوەكانی بە پێی حوكمەكانی یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەمواركراو دەژمێردرێت بەدەر لەو حوكمانەی لەم یاسایە هاتووە .

دووەم : مووچەی خانەنشینی بۆ سەرباز خەرج دەكرێ لە كاتی خانەنشینكردنی پاش تەواوكردنی تەمەنی یاسایی كە لەم یاسایە هاتووە .

سێیەم : دووبارە ژماردنی مووچەی خانەنشینی بۆ سەرباز یان بۆماوەكانی كە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە خانەنشین بووە و بۆ بۆماوەكانی شەهید كە پێش ٢٠٠٣/٤/٩ شەهیدبووە لەسەر بنەمای مووچەی ئەو پلەیە كە بەپێی حوكمەكانی بەندی (دووەم)ی ماددەی (٨) لەم یاسایە بڕیاردراوە بە مەرجێك كەمتر نەبێت لەو مووچەی خانەنشینیەكەی كە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە وەریدەگرت .

ماددەی ٥٤- ئەگەر سەرباز (٨) هەشت ساڵ یان زیاتر لە پلەكەی خۆی بەسەربرد و خانەنشینكرا یان گرێبەستەكەی هەڵوەشێنرایەوە و لە هەمان پلە بوو ، مووچەی خانەنشینی لەسەر بنەمای مووچەی پلەیەكی بەرزتر بۆی دەژمێردرێ ئەگەر شایستەی مووچەی خانەنشینی بوو .

ماددەی -٥٥- یەکەم :ئەگەر سەرباز خانەنشینکرا ، یان بە خانەنشینکراو ژمێردرا ، یان دووبارە خانەنشین کرا ، پاداشتی کۆتایی خزمەتی پێ دەدرێت کە یەکسانی مووچە تەواوی (١) یەك ساڵی بێت ، و تەنیا بۆ یەکجار بێت سەرەرای ئەو شایستەیەی لە مووچەی خانەنشینی ئەگەر :

أ – لە کارمەندانی تایفەی ئاسمانی بوو، یان هێزە تایبەتەکان، و بەلای کەم (١٥) پازدە ساڵی خزمەتی سەربازی هەبوو .

ب- لەوانەی کە ناویان لە برگەی (أ) ی ئەم بەندە نەهاتووە، و خزمەتە خانەنشینیەکەیان لە (٢٠) ساڵ کەمتر نیە ، بە مەرجێك (١٥) پازدە ساڵی خزمەتی سەربازی بێت .

دووەم : ئەگەر ئەو کەسە پێشتر دووبارە خانەنشینکراو و لەوانە نەبوو کە لە برگەی (أ) لە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە هاتووە و پاداشتی کۆتایی خزمەتی وەرگرتبێت، جیاوازی نێوان ئەو پاداشتەی کە شایستەی بوو لە کاتی دووبارە خانەنشینکردنی و ئەو پاداشتەی کە پێشتر وەریگرتووە، پێی دەبەخشرێت .

ماددەی -٥٦- ماوەیەك لە (٦) شەش مانگ زیاتر نەبێت دەخرێتە سەر خزمەتی سەربازی، بۆ مەبەستی شایستەیی مووچەی خانەنشینی بێت ئەگەر خانەنشینکردنەکەی بەهۆی تەواوکردنی تەمەنی یاسایی بوو .

ماددەی -٥٧- ئەگەر سەرباز خانەنشینکرا بەهۆی تەندروستی لەبەر بەکەڵك نەهاتنی بۆ خزمەت لە بەر هۆیەك پەیوەندی نیە بە خزمەتکردن یان بەهۆیەوە ، و دەستی نەبووە لە روودانی ، ئەوە ماوەی خزمەتکردنەکەی بە (١٥) پازدە ساڵ دەژمێردرێت ، ئەگەر لەوە کەمتر بوو .

ماددەی -٥٨- مەرجەکانی خانەنشینکردن بەهۆی تەندروستی ، و شێوەی لیکۆڵینەوە لە پەککەوتن ، و هۆیەکانی ، و کاتی روودانی ، چەندیی رێژەکەی بە رێنماییێك دیاری دەکرێت کە وەزارەتی بەرگری بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی تەندروستی دەری دەکات ، و لە

دانـانی بنـەماکانی پـشت دەبەسـتێت بـە نـوێترین پێوانـەکانی زانـستی و خـشتە پزیشکیەکان کە دەزگا و لایەنە پزیشکیە نێودەوڵەتیەکان پشتگیری دەکەن .

## بەشی سێیەم

## ((مافە خانەنشینیەکانی بۆماوەکان))

ماددەی –٥٩– یەکەم : ئەگەر سەرباز یان خانەنشین مرد ، مافـە خانەنـشینیەکانی دەگوێزرێتـەوە بۆماوەکانی ، و ئـەوەی شایـستەیەتی لـە بـری خزمەتەکـەی ، بـەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و مەبەست لە بۆماوەکانی خێزانەکـەی سـەرباز یان خانەنشینەکەیە کە مافگریین پاش مردنی بەپێی ئەوەی لەم یاسـایە دیاریکراوە .

دووەم : ئەگەر سەرباز لە کاتی خزمـەتکردن مـرد، بەهۆیـەك کـە پەیوەنـدیی بـە خزمەتەوە نەبێت ، بۆماوەکانی مافگری مووچەیەکی خانەنشینین بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ، بە مەرجێك خزمەتەکەی بە (١٥) پازدە ساڵ بژمێردرێت بۆ مەبەستی خانەنشینی، گـەر لـەوە کـەمتر بـوو ، لەگـەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە .

سێیەم : ئەگەر مردن لە هەردوو حاڵەتی نەهاتنی نارەوا یان هەلاتن ڕوویدا ، بـە مـردن لـە کـاتی خزمـەت ناژمێردرێـت بـۆ مەبەسـتی جێبـەجێکردنی حوکمەکانی ئەم ماددەیە .

ماددەی –٦٠– پێویستە سەرباز ئەو فەرمانگایە کە کارمەندەیەتی یان مووچـەی لێ وەردەگرێـت بـە نووسراوەیەك ئاگاداربکاتەوە لە هەموو گۆڕاناکارییەکانی بارودۆخی فەرمانبەریی یـان پیشەیی یان خێزانی خۆی لە ماوەی خزمەت لە ماوەیـەك لـە (٣٠) سـی ڕۆژ زیـاتر نەبێت لە بەرواری ڕوودانی گۆڕانکارییەکە .

## دەروازی چوارەم
## ((ڕێزلێگرتنی قوربانیدان لە پێناوی نیشتمان))
## بەشی یەکەم
## ((ڕێزلێگرتنی قوربانیدان لە ئەنجامدانی ئەرکەکان))

ماددەی –٦١– یەکەم : ئەگەر سەرباز خانەنشینکرا لە بەر هۆکاری تەندروستی کە لە خزمەتەوە رووی داوە یان بە هۆیەوە، و دەستی نەبووە لە ڕوودانی ، و بە تەواوەتی پەکی کەوتبێت ، مووچەیەکی خانەنشینیی پێدەبەخشرێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسا لەگەڵ رەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە :

أ – ماوەی خزمەتە خانەنشینیەکەی بە (١٥) پازدەساڵ دەژمێردرێت ئەگەر لەوە کەمتر بوو .

ب– مووچە خانەنشینیەکەی کە بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (أ) لە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە ژمێردراوە ، بە ڕێژەی (١٠٠٪) سەد لە سەد لە دوا مووچەی وەریگرتووە بۆی زیاد دەکرێت ئەگەر لە کارمەندانی تایەفەی ئاسمانی یان هێزە تایبەتەکان بوو، یان پێکانەکەی بە هۆی رووداوێکی فڕین بوو و بە ڕێژەی (٥٠٪) پەنجا لە سەد بۆ ئەوانی دیکە .

دووەم : ئەگەر سەرباز خانەنشینکرا لە بەر هۆکاری تەندروستی کە لە خزمەتەوە رووی داوە یان بە هۆیەوە، و دەستی نەبووە لە ڕوودانی ، و پێکانەکەی بەشیی بوو مووچەیەکی خانەنشینیی پێدەبەخشرێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسا لەگەڵ رەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە :

أ – ماوەی خزمەتە خانەنشینیەکەی بە (١٥) پازدە ساڵ دەژمێردرێت ئەگەر لەوە کەمتر بوو .

ب– مووچە خانەنشینیەکەی کە بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (أ) لەم بەندە ژمێردراوە زیادە دەکری بە ڕێژەی ئەو زیادەیەی لە دەقەکانی بڕگەی (ب) لە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە هاتووە ، بە هاوتای ڕێژەی پەککەوتنەکەی بێت .

ماددەی -٦٢- ئەو سەربازە کە حوکمەکانی ماددەی (٦١) لەم یاسایە دەیگرێتەوە، پاداشتێکی دارایی بۆی بێشکەش دەکرێت کە بە بڕی مووچەکانی بێت لە ساڵێکی تەواو ، ئەگەر پەککەوتنەکەی تواوبێت بە مەرجێك کە پاداشتەکە لە بڕە پارانە کەمتر نەبێت کە بەپێی یاسا بڕیاردراوە ، و ڕێژەیەك لەم پاداشتە پێی دەبەخشرێت هاوسەنگی ڕێژەی پەککەوتنەکەی بێت ، ئەگەر پەککەوتنەکەی بەشی بێت .

ماددەی -٦٣- ئەگەر سەرباز بە هۆی خزمەتەوە کوژرا یان مرد ، بێ ئەوەی خۆی دەستی هەبێت لەوە ، مافە خانەنشینیەکانی یەکلادەکرێت و دەدرێتە بۆماوەکانی بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٦١) لەم یاسایە و دەبەخشرێتە بۆماوە مافگرەکانی .

ماددەی -٦٤- بۆماوەکانی ئەو سەربازە کە حوکمەکانی ماددەی (٦٣) لەم یاسایە دەیانگرێتەوە پاداشتێکی دارایی بۆی پێشکەش دەکرێت بە بڕی مووچەکانی سەربازی مردوو بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو .

## بەشی دووەم

## (( ڕێزلێگرتنی بریندار و شەهیدەکان))

ماددەی -٦٥- یەکەم : ئەگەر پێکانەکەی بریندار بووە مایەی پەککەوتنی لەکار بەشێوەیەکی بەشی ، و بەهۆیەوە خانەنشینکرا ، ئەوە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت بە مەرجێك کە خزمەتە خانەنشینیەکەی بە (١٥) پازدە ساڵ دەژمێردرێت ئەگەر لەوە کەمتر بوو .

دووەم : ئەو مووچەی خانەنشینی ژمێردراوە بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە ڕێژەیەك ئەدەخرێتە سەری لەو مووچەیەی کە مووچە خانەنشینیەکەی لەسەر بنەماکەی ژمێردراوە بەهاوتای ڕێژەی پەککەوتنە بەشیەکەی بێت .

ماددەی -٦٦- ئەگەر پێكانی سەربازە برینداره‌كە بووه مایه‌ی پەككەوتنی تەواوی لە كاركردن، و بەو هۆیـەوە خانەنـشینكرا ئـەوە مووچـەیەكی خانەنـشینیی پێـدەدرێت بـەپێی ئـەو بنەمایانەی كە بە پێیان مووچە دەدرێتە بۆماوەكانی شەهید و مەبەست لە شـەهید ئەو سەربازەیە كە لە كاتی بەشداریكردنی لە جەنگ یـان بزووتنـەوە كرداریـە یـان رووبەڕووبوونەوە سەربازیەكان یان لە رووداوەكانی تیرۆر یان وێرانكردن دەكوژرێت یان بە هۆی یەكی لەوانەوە .

ماددەی -٦٧- یەكەم : مووچەیەكی خانەنشینی دەبەخشرێتە بۆماوەكانی شەهید بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە لەگەڵ رەچاوكردنی ئەمانەی خوارەوە :

أ – مووچەی خانەنشینی لەسەر بنەمای مووچەی دوو پلەی بەرزتر لە پلەی شەهید دەژمێردێت و ئەگەر لە كاتی شەهیدبوونی لە پلەی بەرزتر بوو ، ئەوە لەسەر بنەمای مووچەی پلەكەی لەگەڵ دووجار جیـاوازی نێـوانی مووچەكەی و نێوانی مووچەی پلەی نزمتر دەژمێردرێت، بەڵام ئەگەر لە پلەی پێشووی پلەی بەرزتر بێت ئەوە لەسەر بنەمای مووچەی ئەم پلەیە دەژمێردرێت لەگەڵ جیاوازی نێوانی و نێوان مووچەی پلەكەی .

ب – تەواوی ماوەی خوێندنی زانكۆیی پێشووی خزمەتی سەربازی دەخرێتە پاڵ خزمەتی شەهید بۆ مەبەستی خانەنشینكردن .

جـ – ماوەی خزمەتی خانەنشینی شەهید بە (١٥) پازدە ساڵ دەژمێردرێـت ئەگەر لەوە كـەمتر بـوو بـۆ مەبەسـتی ژمـاردنی مووچـەی خانەنـشینی بۆماوەكانی .

دووەم : بەپێی حوكمەكانی بەندی (یەكەم) لەم ماددەیە ، رێژەی (١٠٠٪) سەد لـە سەد لەو مووچەیە كـە پێـی ئـەوە مووچـە خانـشینیەكەی بـۆ ژمێـردرا دەخرێتــە پــاڵ ئــەو مووچــە خانەنــشینیە كــە بۆماوەكــانی شــەهید شایستەیەتی .

ماددەی -٦٨- یەكەم : پاداشتی شەهید بوون ئەدرێتە بۆماوەكانی بە بڕی مووچەكانی ساڵ و نیوێك لە مووچەی ئەو پلەیەی مووچەی شەهیدی پێی دەژمێردا .

دووەم : ئـەو برینـدارە کـە بـە هـۆی پەککـەوتنی تـەواوی خانەنـشینی دەکرێـت پاداشتێکی دەبەخشێرێت بە بڕی مووچەی ساڵ و نیوێك لە مووچەی ئەو پلەیەی بەپێی ئەوەوە مووچەکەی ژمێردرا.

سێیەم : ئەو بریندارەی خانەنشین دەکرێت بە هۆی پەککەوتنی بەشیی بە ڕێژەیەك لەو پاداشتەی لە بەندی (دووەم) لەم ماددەیە هـاتووە هاوسـەنگی ڕێـژەی پەککەوتنی بەشیی بێت و مەبەست لە برینداری سەرباز ئەو کەسەیە کـە لێی دەدرێت یان تووشی ڕووداوێك یان نەخۆشییەك یان کەم ئەندامی یەك دەبێت لە کاتی بەشداریکردنی لە جەنگ یان بزووتنـەوە کرداریـەکان یـان ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی یان ڕووداوەکانی تیرۆر یان وێرانکردن یان بە هۆی یەکێکیانەوە.

ماددەی -٦٩- حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر ئەوانە شەهید بوونە دوای ٢٠٠٣/٤/٩ لە سەربازەکان یان ئەو کەسانەی بە شـەهید ژمێـردران بـە فـەرمانێکی دیوانی لـە فەرمانـدەی گـشتی هێـزە چـەکدارەکان یـان شـەهید بـوون لـە دەروازەی بنکەکانی خۆبەخشین لە سوپای عیراق بە هۆی کردەوەیەکی تیرۆریستی بە مەرجێك مووچە خانەنشینیەکەی و پاداشتی شەهیدبوونی لەسەر بنەمای مووچەی دوو پلـەی بەرزتر لە پلەکەی خۆی بژمێردرێت .

ماددەی -٧٠- دەکرێ بۆماوەی شەهید ئەمانە کۆبکەنەوە:

یەکەم : مافگرییان لە شەهیدەکە ، نێوان مووچەی خانەنشینی شەهید وئەو مووچـە خانەنشینەی وەری دەکرد پێش شەهید بوونی گەر بێتـو شـەهید خانەنـشین پێش شەهید بوونی .

دووەم : مافگرییان لە شەهیدەکە ، نێوان هەر پشکێکی خانەنشینی کە پێش مێژووی شەهیدبوونی شایستەی بوو .

سێیەم : مووچەی خانەنشینی دەبڕێت لە باوك و دایـك کـە مووچـەی خانەنـشینی وەردەگرن ئەگەر شەهیدەکە ژن یان منداڵی هەبوو ، و مووچەی خانەنشینی لە ژنەکەی دەبڕێت ئەگەر مووچەی خانەنشینیی هەبوو .

ماددەی -٧١- منداڵەکانی شەهید بەدەرن لە مەرجی رادەی داواکراو بـۆ وەرگـرتن لـە قوتابخانـە و پەیمانگا و کۆلیژەکان و بنکە پیشەییە تایبەتەکان بە سوپا و پۆلیس .

ماددەی -٧٢- منداڵەکانی شەهید لە کاتی یەکسان مەرجە یاساییەکانی لەمانـەی خـوارەوە ئـەوان پێشدەخرێن :

یەکەم : وەرگردن لە قوتابخانە و پەیمانگا وکۆلیژە سەربازیەکان.

دووەم : مۆڵەتی خوێندن ، و هاوپیشەیی ، نێردراوەکان.

سێیەم : خوێندن لە سەر خەرجی وەزارەتی بەرگری.

چوارەم : دامەزراندن لە فەرمانگاکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی.

ماددەی -٧٣- فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆی هەیـە لەسـەر پێـشنیاری وەزیـر میـدالیا و نیشانی تایبەت ببەخشێتە شەهیدەکان یان بۆماوەکانیان بۆ بەرزراگرتنی قوربانیدان و قارەمانیەتیەکانیان ، و وەکو پێزانینێك بەوەی پێشکەشی نیشتمان و سـوپا و گـەلیان کردووە ، لە شـانازی و سـەروەری و شـەرەف و شـێوەکانی میـدالیا و نیـشانەکان و ناوەکانیان و پلەکانیان و نازباریەکانیان بە پەیرەویك دیاری دەکرێت .

ماددەی -٧٤- فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیر جگە ئەو ماف و پاداشتانەی کە لەم یاسایە هاتووە ، هەموو یان بەشێك لەمانـەی خـوارەوە بخاتـە پاڵیان ئەگەر شەهیدبوونەکە لـە کردارێکـی قارەمانانـە یـان قوربانیـدانێکی گـەورەی شەرافەتمەند رووی دا کە شانازی و سەروەریەکی بەخشیە نیشتمان و سوپا:

یەکەم : زیادکردنی ماوەی خزمەتی شەهید نیوە خزمەتە سەربازیەکەی بۆ مەبەستی ژماردنی مووچەی خانەنشینی بۆ بۆماوەکانی .

دووەم : زیادکردنی پاداشتی شەهیدبوون کە لە بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٦٨) لەم یاسایە هاتووە بۆ هاوتایی بڕی پاداشتی شایستە .

ماددەی -٧٥- یەکەم : فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆی هەیە، لە سەر پێشنیارێکی وەزیر بەپێی پێداویستیەکانی بەرژەوەندی گشتی ، هەموو یان بەشـێك لـە مـاف و پاداشـت و نازباریـە تایبەتـەکان ، کـە لـەم یاسـایە دراوەتـە شـەهید یـان

بۆماوەكـانی ،پێـشكەش بكاتـە ، برینـدار ، یـان خانەنـشینكراو بـەهۆی تەندروستی لە ئەنجامی خزمەت یان بەهۆیەوە ، یان مردوو یان بۆماوەكانی لەكاتی خزمەت یان بە هۆیەوە .

دووەم : وەزیر بۆی هەیە ، پاداشتێكی دارایی كە لە مووچەی تەواوی (٩٠) نەوەد ڕۆژ زیاتر نەبێت ، پێشكەش بكاتە ئەو سەربازە كە لە كاتی خزمەت یان بە هۆیـەوە ، تووشـی نەخۆشـییەك یـان ڕووداوێـك دەبـێ كـە نابێتـە مایـەی خانەنشینكردنی .

ماددەی –٧٦– مردنی سەرباز لەم حاڵەتانەی خوارەوە بـە شـەهیدبوون دەژمێردرێـت بـۆ مەبەسـتی مافگرتنی بۆماوەكانی بەو ماف و نازارییانـەی بـۆ شـەهیدەكان دسنیـشان كـراوە لـە حوكمەكانی ئەم یاسایە:

یەكـەم : لـە كـاتی ڕووبەڕووبوونـەوەی یەكـە سـەربازییەكەی بـە تیرۆریـستەكان و هێزەكانی دوژمن لە كاتی كردارەكانی پاككردنەوە و سەربازەكە تێیدابێت.

دووەم : پەلاماری تیرۆریستەكان بۆ ئەو یەكە سەربازییە كە سەربازە تێیدایە.

سێیەم : پێكانی سەرباز بە گوللەی تاقمە تیرۆریستیەكان.

چوارەم : ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەكان لەگەڵ تیرۆریستەكان یان بە هۆیانەوە یان لە كاتی ڕاوەدوونانیان و دەستگیركردنیان .

پێنجەم : تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلێكی مینرێژكراو كە سـەرباز تووشـی دەبـێ لـە لایـەن تیرۆریستە خۆكوژەكان .

شەشەم : بەهۆی داڕووخانی سەربان یان پەناگە بە هۆی بوردومانی دوژمنان.

حەوتەم : كەوتن بە ناو بۆسەیەك كە لەلایەن تیرۆریستیەكان ئامادەكرابێت یـان بـە هۆیانەوە .

هەشتەم : بـەهۆی كردەوەیـەكی دوژمنكـاری لـە هـەر سەچـاوەییێك بێـت لـە كـاتی ووجانەكەی .

نۆیەم : تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلێكی باركراو بە چەك یان سووتەمەنی یان تەقەمەنی كە سەرباز لێیەتی لە ئاكامی پەلاماری تیرۆریستان لە سەری .

دەیەم : بە هۆی تەقینەوەی مینێك یان بۆمبرێژیەك یان بەهۆی تەقینەوەی مووشەكێك یانە نارنجۆكێك .

یازدەیەم : بەهۆی بەرکەوتنی گوللەیەك لـە چـەکی سـەربازێکی دیکـە لـە ئاکـامی ڕەوشی جەنگەگان یان ڕووبەڕووبوونەوەکان، کە پێویستی ئەوە دەکات کە چەك بخرێتە حاڵەتی تەقەکردن و نەك لە حاڵەتی ئاسایش .

دوازدەیەم : لەبەر تووشبوونی سەرباز بە گرمییەکی توند یان سەرمایەکی تونـد یـان کەشوهەوایەکی ئاسمانی نالەبار لە کاتی خزمەت یان بەهۆیەوە .

سـێزدەیەم : ڕووبەڕووبونـەوە لەگـەڵ قاچاغـچیەکان و ڕووخێنـەرەکانی ئـابووری نیشتمانی .

چواردەیەم : لە کاتی چارەسەرکردنی بۆمبە نەتـەقیوەکان لـە لایـەن کارمەنـدەکانی چارەسەرکردانی بۆمبە نەتەقیوەکان لە کاتی ئەرکەکان .

پازدەیەم : لە ئاکامی تیرۆرکردن لە لایەن تیرۆریستیەکان بەهۆی ئەوە کـە سـەربازە یان کارمەندی فەرمانگا سـەربازیەکانە لـە دەرەوە یـان لـە کـاتی دەوامـی فەرمی .

ماددەی –٧٧– ئەو فەرمانبەرە مەدەنیە کە لە وەزارەتی بەرگری و هێزە چەکدارەکانی عیراقـدا کـار دەکات بە سەرباز دەژمێردرێت لە هەر یەك لەو حاڵەتانە بیگرێتـەوە کـە لـە مـادەی (٧٦)ی ئەم یاسایە هاتووە .

ماددەی –٧٨– فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیـر هـەر حاڵـەتێك لـە مـاددە (٧٦)لـەم یاسـایە نـەهاتووە بـە شـەهیدبوون بـژمێرێت بـەپێی بـارودۆخ و پێداویستیەکانی خزمەت و بەرژەوەندی هێزە چەکدارەکان .

## دەروازە پێنجەم
## ((دەرماڵە خێزانیەکان و دەرماڵەکانی خزمەت))

ماددەی -٧٩- یەکەم : سەرباز دەرماڵەی خێزانی پێ دەبەخشرێت بە بڕی (٧٠,٠٠٠) حەفتا هەزار دینار بۆ هەر ژنێك و (١٥,٠٠٠) پازدە هەزار بۆ هەر منداڵێك تا چوارەم منداڵ بە مەرجێك لە (٥٠٪) پەنجا لە سەدی مووچەکەی زیاتر نەبێت .

دووەم : ئەمانەی خوارەوە مەرجن بۆ ئەوەی سەرباز شایستەی ئەو دەرماڵانە بێت کە لە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە هاتووە:

أ – سەبارەت بە ژن : نابێ لە دەوڵەت مووچەیەکی هەبێت .

ب – سەبارەت بە منداڵ : دەبێ کوڕ ناکام بێت یان خوارەوەی تەمەنی (٢٢) بیست و دوو ساڵ بێت بۆ ئەوانەی بەردەوامن لە خوێندنی ئامادەیی و خوارەوەی (٢٦) بیست و شەش ساڵ بێت بۆ بەردەوام لە خوێندنی زانکۆیی یان خوێندنی بالاّ و کچ شوی نەکردبێت یان لە گەنجینەی دەوڵەت مووچەیەکی نەبێت .

ماددەی -٨٠- یەکەم : ئەو سەبازە کە پاش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ژن دێنێ شایستەی دەرماڵە خێزانیەکانە سەبارەت بە ژن لە بەرواری تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیریەکەی و سەبارەت بە منداڵە کە پاش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لەدایك دەبێت لە بەرواری تۆمارکردنی لەدایکبوونەکەیەوە .

دووەم : پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ، گوێ نادرێتە هاوسەرگیری و باوکایەتی، بۆ مەبەستی شایستەیی دەرماڵە خێزانییەکان، تەنها بە ئەو هاوسەگیری و لەدایکبوو نانەی لە فەرمانگای باری شارستانی تۆمارکرابن .

ماددەی -٨١- یەکەم : دەرماڵەی خێزانی سەبارەت بە ژن یان هەریەك لە منداڵکانی سـەرباز لـەم دوو حاڵەتەی خوارەوە دەبڕرێ:

أ – ئەگەر هەر یەك لەوانە مەرجەکانی شایستەبوون کە لە بەندی (دووەم) لە ماددەی (٧٩)ی ئەم یاسایە لە دەستچوو .

ب – ئەگەر ژنەکە تەڵاقدرا یان مرد یان ئەگەر منداڵەکە مرد .

دووەم : بڕینی دەرماڵـەکان بـەپێی حوکمـەکانی بەنـدی (یەکـەم) لـەم ماددەیـە لـە بەرواری لە دەستچوونی مەرجی شایستەبوون، یان لە بەرواری تەڵاقدان یان مردن ، دەڕوات ، و دەرماڵە بڕاوەکان دەگەڕێندرینەوە ئەگەر ڕێگرەکە نەما.

ماددەی -٨٢- یەکەم : ئەو سەربازە کە بۆ یەکەم جار ژن دێنێ ، پێشینەیەکی پـێ دەبەخـشرێت بەهاوتای چوار جار مووچەکەی بێت و بە پێنج جـار مووچـەکەی ئەگـەر هاوسەرەکەی بێوەژن بوو، و بە چوارژەم ساڵانە لێی وەردەگیرێتەوە لەگەڵ کۆتایی ساڵی سێیەمی هاوسەرگیریەکەی و هەر ژەمێکیشی دابەش دەکرێتە سەر مانگەکانی ئەو ساڵە کە شایستەی ئەو ژەمەیە .

دووەم : سەرباز هەر جارێك منداڵێکی دەبێت ، لە دانەوەی ئەو ژەمە ساڵانەی کە شایـستەیە پـاش بـەرواری لـەدایکبوونی منداڵەکـە دەبەخـشرێت ، و لـە دانــەوەی پێــشینەکە لێــی خۆشــدەبێت ئەگــەر دوو منــداڵی بــوو پــێش شایستەبوونی یەکەم ژەمی ساڵانە ، دووانەش بە دوو منداڵ دەژمێردرێ بە مەبەستی لێ خۆشبوونەکە .

سێیەم : پێشینەکە دەبەخشرێتە مێرد یان ژنەکە ئەگەر هەردووکیان سەرباز بـوون بەپێی خواست .

چوارەم : سەرباز لە دانەوەی ژەمەکان دەبەخشرێت لە کاتی مردن .

## دەروازەی شەشەم
## ((رێگاکانی بەدواداچوونەوە و تانوت کردن))

ماددەی –٨٣– یەکەم: پێویستە سەربازی خانەنشینکراو ، و پێویستە لەسەر مافکرانی دوای خۆی داواکاری وەرگرتنی مافە خانەنشینیەکانی بکات لە دەستەی خانەنشینی نیشتمانی یان بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان بەرێگای وەزارەت بەپێی یاسا.

دووەم : ئەکرێ پێشینە ببەخشرێتە خانەنشین یان شایستەکەی پاش خانەنشینکردن یان مردن لەسەر حسابی مافە خانەنشینیەکانی، و بڕی پێشبینیەکە و چۆنیەتی گەرادنەوەی بە رێنماییێك دیاری دەکرێت کە وەزیر دەری دەکات .

ماددەی –٨٤– ئەو لیژنەیە کە بەپێی برگەی (أ) لە بەندی (یەکەم) لە ماددەی (١٩) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەموارکراو دامەزراوە دەڕوانێتە هەمووکیشەکانی خانەنشینی کە پرتۆستۆ کراوە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە .

## دەروازەی حەوتەم
## ((سزاکان و بێبەشکردن لە مافەکانی خانەنشینی))

ماددوەی –٨٥– ئەو سەربازە یان خانەنشینە یان بۆماوەیە کە سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکات بەپێی حوکمەکانی یاسا سزادانی جێبەجێکراوەکان سزادەدرێت و دەستەی خانەنشینی نیشتمانی ئەرکی هەواڵگەیاندن و تۆمارکردنی سکاڵاکە و بەدواداچوونی ئەگرێتە ئەستۆ .

ماددەی –٨٦– یەکەم : سەرباز بە پلەیەك یان دوو پلە کەمتر لە پلەکەی خۆی خانەنشین دەکرێت گەر حوکمێکی دادگایی بنبڕ دەرکەوت کە لایەنگیریی بۆ عیراق نیە.

دووەم : سەرباز یان خانەنشین لە هەموو ئەو مافانە بێبەش دەکرێت کە لەم یاسایە هاتووە ، لە یەکێك لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە:

أ – ئەگەر بچێە خزمەتی وڵاتێکی بێگانە بێ ئەوەی مۆڵـەتی پێـدرابێت لـە لایەن فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان .

ب – ئەگەر بچێتە ڕیزەکانی دوژمن .

سێیەم : لە حاڵەتی بێبەشکردنی سەرباز یان خانەنشینکراو لە مووچە، مووچەکەی دەدرێتە ئەوانەی بەشێوەیەکی شەرعی بژێویان دەدات لە کاتی بەندکردنی یان زیندانی کردنی یان لەکاتی چـاوەڕوانکردنی جێبـەجێکردنی حـوکمی لەسێدارەدان و مووچەکەی دەگەڕێتەوە بۆی کەی بەردرا یان بۆ بۆماوەکانی لە کاتی مردنی .

ماددەی –٨٧– یەکەم : ئەگەر سەربازەکە پۆستێکی وەزاریی پێ سپێردرا لەوانە پۆسـتی وەزیـری بەرگری یان هەر خزمەتێکی مەدەنی بە خانەنشیکراو دەژمێردرێت، گـەر بـەدەر نـەبوو لەخانەنـشینکردن بـە بڕیارێـك لـە سـەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیران .

دووەم : خزمەتی بەدەر کراو بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە ، بە خزمەتێکی مەدەنی دەژمێردرێت .

ماددەی –٨٨– ئەگەر خانەنشینکراو گەڕێندرایەوە بۆ خزمـەت ، ئـەو پاداشـتی خانەنـشینیە لێـی دەسێندرێتەوە کە پێشتر وەریگرتووە بە مەبەستی زیادکردنی خزمەتە داهاتووەکـەی بۆ خزمەتە پێشووەکەی . گەڕانەوەکە لە بەرواری گەڕاندنەوە بۆ خزمەت دەست پێ دەکات ، یان بە ژەمی مانگانە لە مووچە مانگانەکەی دەبڕێت لە ماوەی (٥) پێنج ساڵ ، بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی کە گەراوەتە خزمەت ، پێش گەراندنەوەی هەموو بڕی پاداشتی خانەنشینیەکە مرد ، بۆماوەکەی لـەوەی لێـی ماوەتـەوە لێـی دەبەخشرێت .

## دەروازەی هەشتەم
## ((حوکمە گشتیە و کۆتاییەکان))

ماددەی -٨٩- وەزاەت بۆی هەیە سەرباز بنێرێت بۆ نێردراو یان هاوپیشەییەکان یان مۆڵەتی خوێندن بدات بە مەبەستی خزمەتی سەربازی ، و بویشی هەیە دەرچووەکان دامەزرێنیٚ یان گرێبەست بکات لەگەڵ خوێندکارە عیراقیەکان کە لە عیراق دەخوێنن یان لە دەرەوەی بۆ خزمەتکردن لە سوپا ، و پەیرەویك مەرجەکانی ناردن یان دامەزراندن یان گرێبەستکردن و ئەو ماف و پابەندبوونانە دیاری دەکات کە لەم حاڵەتانەوە پەیدابووە.

ماددەی -٩٠- وەزیر بۆی هەیە ئەو سەربازە یان ئەو فەرمانبەرە مەدەنیە قەرەبوو بکاتەوە گەر سەڵمێندراکە زیانی پێگەیشتووە یان ماڵە ونبوە کەسایتیەکەی بەبیٚ کەمتەرخەمی خۆی بوە، لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەی یان بە هۆیەوە بەپێی راسپاردەی ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوەی دامەزراو بۆ ئەم مەبەستە .

ماددەی -٩١- ئەو سەربازە کە بە تاقیکردنەوەی لێزانین دەیسەلێنی کە زمانێکی بیانی یان زیاتر دەزانێت پاداشتێکی دارایی پیٚ دەبەخشرێت دیاری دەکرێت بە ڕینماییەك وەزیر دەری دەکات .

ماددەی -٩٢- یەکەم : لە باجی داهات دەبەخشرێت :

أ – دەرماڵەی خێزانی ، و دەرماڵەی خزمەت ، و هەموو جۆرە پاداشتێك کە دەبخشترێتە سەرباز لە ماوەی خزمەت یان بە هۆیەوە .

ب – مافەکانی خانەنشینی ، بۆ خانەنشینکراو و هەموو ئەوەی دەدرێتە بۆماوەکان .

دووەم: حوکمەکانی بڕگەی (ب) لە بەندی (یەکەم) لەم ماددەیە لەسەر خانەنشینکراوەکان و شایستەکان لە بۆماوەکان پیادە دەکریٚ ، پێش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە .

ماددەی -٩٣- یەكـەم : فەرمانبـەرە مەدەنیـەكان لـە وەزارەت و لـە هێـزە چـەكدارە عیراقیـەكان بەناونیشانە جیاوزەكانیان و پایەی فەرمانبەرییان بۆ مەبەستی جێبەجێكردنی حوكمە تایبەتەكان بە رێزلێگرتن لە مردن لە كاتی ئەرك یـان بـە هۆیـەوە و رێزلێگرتنی برینـدارەكان و شەهیدەكان كـە لـەم یاسـایە هـاتوو وەك سـەرباز كاریان لەگەڵ دەكرین .

ماددەی -٩٤- یەكەم : فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكان بۆی هەیە هەندێك لەو دەسەڵاتانەی كە لەم یاسایە هاتووە بداتە وەزیر .

دووەم : وەزیر بۆی هەیە هەندێك لەو دەسەڵاتانە كە لەم یاسایە هاتووە بداتە سەرۆكی ئەركانی سوپا یان یەكێك لە راوێژكارەكان یان بەڕێوەبەرە گشتیەكان .

ماددەی -٩٥- مووچەی خانەنشینی بۆ سەرباز بەپێی ماددەی (٥٣) لەم یاسایە بۆ ئەم حاڵەتانـەی خوارەوە دەژمێردرێت :-

یەكەم : ئەو سەربازە كـە پـێش لـە بـەرواری ٢٠٠٣/٤/٩ خانەنـشینكراوە ، بـەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٥ .

دووەم : سەربازی خانەنشینكراو كە بـەردەوام بـووە لـە خزمـەت تـا ٢٠٠٣/٤/٩ و نەگەڕێندراوەتەوە بۆ سوپا یان هەر پۆستێكی دیكە.

سێیەم : ئەو سەربازە كـە بەدەسـتی رژێمـی پێـشوو شـەهید كـراوە و هـیچ مـافێكی خانەنشینیی بۆ نەژمێردراوە و بۆماوەكەی شەهید بۆی هەیـە ئـەو مووچـە و مافـە خانەنـشینیەكان كـە لـەم یاسـایە هـاتووە یـان ئـەو مووچـە و مافـە خانەنشینیانە كە یاسـای دەزگـای شـەهیدانی ژمـارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٠٦ی هەمواركراو یان هەر یاسایەكی دیكە هەڵبژێری .

چوارەم : هەر كەسی پاش ٢٠٠٣/٤/٩ خانەنشینكراوە لە سوپا یان بە خانەنشینكراو بە فەرمانی دیوانی ژمێردراوە .

مـاددەی -٩٦- ئـەكرێ پـەیڕەوی نـاوخۆ و رێنمـایی دەربكرێـت بـۆ ئاسـانكردنی جێبـەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە .

مـاددەی –٩٧– یەکـەم : یاسـای خزمـەت و خانەنـشینی سـەربازی ژمـارە ١ ی سـاڵی ١٩٧٥ هەڵدەوەشێتەوە .

دووەم :کار کردن بەو پـەیڕەوی ناوخۆییانـە وڕێنماییانـە دەمێـنن بەشـێوەیەك بـە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە نەبن تا کاتی دەرکردنی ئەوەی جێیان دەگرێ یان هەڵیاندەوەشێنێتەوە .

سێیەم : فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هەڤاڵبەندی (هەڵوەشێندراو) ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٣ (دامەزراندنی سوپایێکی عیراقی نوێ) هەڵدەوەشێتەوە .

مادده –٩٨– حوکمەکانی یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی هـەموارکراو و یاسـای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەموارکراو و یاسای مووچـەکانی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ یان هەر یاسـایەك جێیان دەگرێ لەو جیگانە کە دەقێکی تایبەتی بۆ نەهاتووە لەم یاسـایە ، جێبـەجێ دەکرێن .

ماددەی –٩٩– دەرکردنی هەر ڕێنماییێك یان فەرمانێك قەدەغە دەکرێ کە سەرباز ملکەچ دەکات بـۆ ئەنجامدانی کردەوەیەك بەپێچەوانەی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی بێت .

ماددەی –١٠٠– ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێ لە ڕێککەوتی بڵاوکردنی لە ڕۆژنامەی فەرمی .

## هۆیەکانی پێویست

لەبەر بەسەرچوونی ماوەیەکی درێژ لە دەرچوونی یاسای خزمەت و خانەنشینی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٥ کە ئیتر ناگونجێت لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەکانی هەنووکەیی لە ڕێکخراوەکانی سـوپا ئیتر بە پێوست زانرا یاسایەك دەرچیت بۆ ڕێکخستنی خزمەتی ئەفسەرەکان و پلەبەرزکردنەوەیان و خزمەتی پێشنوێژەکان وخۆبەخشکەران و پلەبەرزکردنەوەیان و هەروەها حوکمەکانی خانەنـشینکردن یـان دەستلەکارکێـشان و ڕێکخـستنی مافـە خانەنـشینیەکان و دەرماڵـەکان و بێبەشـکردن لێیـان و ڕێزلێگرتنی قوربانیدان لەکاتی ئەرکەکان و بارەکانی دیکە لە کاروباری پەیوەندیـدار بـە خزمـەت و خانەنشینی، ئەم یاسایە دەرچوو .

## فەرمانی کۆماری ژمارە (١)

لە سەر خستنەرووی ئەنجومەنی نوێنەران و پاڵپشت بە حوکمەکانی بەندی (حەوتەم) لە ماددەی (٧٣) لە دەستور فەرمانی ئەمەی خوارەوەمان دا :

یەکەم : دامەزراندنی ئەم بەرێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە بە باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوە :

١- د.عەلی یاسین مەحەمەد کەریم
٢- موئەید مەحەمەد عیسا مەحەمەد سالیح
٣- د.هشام عەلی ئیبراهیم ئەلعەلەوی
٤- عیسمەت عەکید سدیق

دووەم : دەبێ وەزیری دەرەوە ئەم فەرمانە جێبەجێ بکات .

سێیەم : ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکرێ لە رۆژی دەرچونیوە و بڵاو دەکرێ لە رۆژنامەی فەرمی .

نوسراوە لە بەغدا لە ڕۆژی دووی مانگی سەفەر ساڵی ١٤٣١ کۆچی
رێککەوتی ڕۆژی حەڤدەی مانگی کانونی دووەم ساڵی ٢٠١٠ زاینی

| | | |
|---|---|---|
| تارق ئەلهاشمی | عادل عەبدولەهدی | جەلال تاڵەبانی |
| جێگری سەرکۆمار | جێگری سەرکۆمار | سەرۆك کۆمار |

## فەرمانی كۆماری ژمارە (٢)

لە سەر خستنەرووی ئەنجومەنی نوێنەران و پاڵپشت بە حوكمەكانی بەندی (حەوتەم) لە ماددەی (٧٣) لە دەستور فەرمانی ئەمەی خوارەوەمان دا :

یەكەم : دامەزراندنی بەڕێز رۆژ نوری شاویس بە جێگری سەرۆك وەزیران .

دووەم : دەبێ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ئەم فەرمانە جێبەجێ بكات .

سێیەم : ئەم فەرمانە جێبەجێ دەكرێ لە رۆژی دەرچونیوە و بڵاو دەكرێ لە رۆژنامەی فەرمی .

نوسراوە لە بەغدا لە ڕۆژی سێی مانگی سەفەر ساڵی ١٤٣١ كۆچی
ڕێككەوتی ڕۆژی هەژدەی مانگی كانونی دووەم ساڵی ٢٠١٠ زاینی

| | | |
|---|---|---|
| تارق ئەلهاشمی | عادل عەبدولەهدی | جەلال تاڵەبانی |
| جێگری سەركۆمار | جێگری سەركۆمار | سەرۆك كۆمار |

## بڕیاری زیاد کردنی سەرمایەی کۆمپانیایەکی گشتی

وەزارەتی دارای داوایکی پێشکەش کردووە بۆمان بەمەبەستی زیادکردنی سەرمایەی بانکی پیشەسازی / کۆمپانیایەکی گشتیە لە (٤٠٠٠٠٠٠٠٠) چوار سەد ملیۆن دینار وە بۆ (٢٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠) بیست و پێنج ملیار دینار بۆ ئەوەی ڕێکبێتەوە لەگەڵ دەقی ماددەی چوارەم و بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

<u>ماددەی چوارەم /</u>

سەرمایەی کۆمپانیا : (٢٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠) بیست و پێنج ملیار دینارە .

من کە تۆمارکەری کۆمپانیاکانم شایەتی ئەم تۆمارەم و ئەبێ ئەمەش بڵاو بکرێتەوە بەپێی حوکمەکانی مادەی (١٠ / سێیەم) لە یاسای کۆمپانیا گشتیەکان ژمارە (٢٢)ساڵی ١٩٩٧ / هەموار کراو .

نوسراوە لە بەغدا لە ڕۆژی هەژدەی مانگی شەعبان ساڵی ١٤٣٠ کۆچی
ڕێککەوتی ڕۆژی نۆ مانگی ئاب ساڵی ٢٠٠٩ زاینی

خەنسا ئەسکەندەر
تۆمارکەری کۆمپانیاکان

# پێڕست

| ژمارە | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |

## یاساکان


| | | |
| --- | --- | --- |
| ١ | یاسای پاراستنی بەکارهێن ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٠ | ١ |
| ٢ | یاسای هەمواری یەکەم بۆ یاسای وەبەرهێنان ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٠٦ | ١١ |
| ٣ | یاسای خزمەت و خانەنشنی سەربازی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٠ | ١٨ |


## فەرمانە کۆماریەکان


| | | |
| --- | --- | --- |
| ١ | دامەزراندنی باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوە | ٦١ |
| ٢ | دامەزراندنی بەڕێز ڕۆژ نوری شاویس بە جێگری سەرۆك وەزیران | ٦٢ |


## بڕیارەکان


| | | |
| --- | --- | --- |
| — | بڕیاری زیادکردنی سەرمایەی کۆمپانیای بانکی پیشەسازی / کۆ مپانیایکی گشتی | ٦٣ |


## ڕێنماییەکان


| | | |
| --- | --- | --- |
| ٧ | ڕێنمای ئەرك و بەشەکانی فەرمانگەی دادنوسەکان | ٦٤ |

E.mail : Iqlaw_moj_iraq@yahoo.com البريد الالكتروني
Http// : www.iraqilegislations.org الموقع الالكتروني

طبع في مطابع دار الشؤون الثقافية العامة
السعر ٧٥٠ دينار

له چاپخانەکانی خانەی گشتی کاروباری رۆشنبیری چاپکراوە
نرخی ٧٥٠دینارە